# ئۆکتۆبەر

www.hkkurdistan.org




## سالی نوێی 2009 تان پیرۆزبێت


ژمارە(19). 28/12/2008 بڵاوکراوەیەکی سیاسیە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەریدەکات مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت


# تادەسەڵات بەدەست ئەحزابی میلیشیاییەوە بێت، ئایندەی هەرێمی کوردستان لەبەردەم هەڕەشەدایە!!

## ئاشکرابوونی نهێنی تاوانبارانی کیمیابارنی هەڵەبجە سەودایەکیتری یەکێتی و پارتی

سەرەنجام لە 21 ئەم مانگەدا دادگای باڵای تاواەکانی عیراق، لەپرۆسەی دادگایکردنی تاوانبارانی کیمیابارانی هەڵەبجەدا، هەڵهاتنی ئەوفرۆکەوانەی ئاشکراکرد کەبەتۆمەتی بەشداری کردنی لە تاوانی کیمایابارنی هەلەبجەدا لەلایەن دەزگاکانی ئاسایشی گشتی یەکێتی نیشتمانییەوە زیندانی کرابوو. ئەم هەواڵە لەدەزگاکانی راگەیاندندا هەراو هوریایەکی لێکەوتەوە. لەلایەك ئاسایشی گشتی سەربە یەکیتی نیشتمانی دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە بێدەنگەی لیکردووەو لەولاشەوە ئاسایشی سلێمانی ئەوەی راگەیاند کەهیچ فرۆکەوانیك لەلایەن ئەوانەوە زیندانی نەکراوە و بگرە کەیسێکی ئاوا هەر وجوودی نییەو نەبووە!!

بەڵام وەك ووتراوە دوکەڵ بەبێ ئاگرنابێت، ئەوەی ئێستا ئاشکرا دەبیت نیشانەی ئاشکرابوونی نهێنییەکە کەوەك سەرمایەیەکی زانیاری لەلای دەزگای ئاسایشی یەکیتی نیشتمانی کوردستان کۆبووتەوە و تائیستا لەخەڵکی کوردستان و رای

## جارێکی تر تۆپخانەکانی ئێران ناوچەکانی بناری قەندیل تۆپباران ئەکەن

سبەی :رۆژانە ئێران گوندەکانی سنوری هەرێمی کوردستان بە بیانوی راوەدونانی چەکدارانی پەکەکە، تۆپباران دەکات". " چوارشەممە، تۆپخانەکانی ئێران ناوچەکەیان تۆپباران کردووەو زەرەرو زیانێکی زۆری بە رەزو باخەکان گەیاندوە، زۆربەی گوندەکانیش چۆڵکراون و زیاتر لە 15 گوندی سنور چۆڵکراوە". "تۆپبارانەکانی گوندەکانی سارۆس، کاسکان، رەژی کەرەو چەند گوندێکی دیکەی گرتوەتەوەو دانیشتوانی ئەم گوندانەش رویان لە شوێنە ئارامەکان کردوە.

بەهۆی ئەو شەپۆلی سەرمایەی هەرێمی کوردستانی گرتوەتەوە، ئاوارەکان لە هەلومەرجێکی دژواردا دەژین. هەروەها ماڵپەڕی "رێنسانس" بڵاوی کردوەوە کە هێزەکانی حکومەتی ئێران لە درێژەی بەسەربازیکردنی ناوچە سنورییەکانی کوردستانی ئێران، ئێستا خەریکن لە گوندی دنخەی سەر بە شاری شنۆ تۆپخانەیەك لەسەر رووبەری 11 هێکتار زەوی دروست دەکەن. بە گوێرەی سایتەکە، ئەو زەوییە زەوی کشتوکاڵی گوندنشینانەو بە زۆر دەستی بەسەرگیراوەو هیچ کەسیش تا ئێستا وەڵامی داواکارییەکانی خاوەنی ئەم زەوییانەی نەداوەتەوە. جێی ئاماژەیە، حکومەتی ئێران ماوەیەکە جیا لەدەستگیرکردنی هاوڵاتیانی کورد، پەرەی بە زیادکردنی مۆڵگە سەربازییەکانیشی داوە. تۆپباران کردنی ئەو ناوچانەو بێدەنگی هەردوو حکومەتی هەرێم و بەغدا، مایەی پێدانی رەنگی سەوزە لەلایەن ئەوانەوە بەئێران کە ناوچەیەکی ئەمنی بەدرێژایی سنورەکانی کوردستان لەگەڵ ئێران و تورکیا دابمەزرێنن و لەم رێگەیەوە بەر بەچالاکییەکانی (پژاك)و(پکك) بگرن.

# یەکێتی نیشتمانی کۆنگرەی سەرۆك هۆزەکانی پارێزگای دیالە ئەبەستێت!!

**بە بەشداری (مەلابەختیار) نوێنەری سەرۆك کۆمار و سەرۆکی کوردستان وبە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە سەرۆك هۆزەکانی سنوری دیالە لەکورد و عەرەب و تورکمان لەشاری خانەقین و لە ژێر دەوارێکی شڕی خێلەکاندا کۆنگرەی سەرۆك هۆزەکانی سنوری دیالە بەسترا.**

ئەم کۆنگرە عەشیرەتی و ناشارستانیە لەکاتێکدا بەرپا ئەکرێت، کە لەلایەکەوە پارێزگاکانی عێراق لەبەردەم هەڵبژادنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندان، کەدیالە یەکێکە لەو پارێزگایانەی کە پارتی و یەکێتی لەهەڵبژاردنی پێشوودا زۆرترین دەنگەکانیان بەدەست هێنا ئەویش بەهۆی نەبوونی لیستی ڕکابەرو پشێوی ناوچەکەوە بوو. بەڵام ئێستا کە هێزو بزوتنەکان خۆیان ڕێکخستووەو تەجروبەی بەچەندساڵی ڕابردووەوە هاتوون و ئەیانەوێ زیاترین کورسی بۆخۆیان مسۆگەر بکەن، هەربۆیە پارتی و یەکێتی لەم هەڵبژاردنەدا ناتوانن نیوەی دەنگەکانی هەڵبژاردنی پێشوو بەدەست بهێننەوە، هاوکات کارێکیشیان نەکردوە کە خەڵك و دانیشتوانی ئەو پارێزگایانە والێبکەن دەنگیان بدەنێ، بۆیە ئەمجارەیان بە ڕووکردنە خێڵ و عەشیرەتەکان و بەستنی کۆنگرە و بە هەڵڕشتنی پارەوپولی خەڵکی کوردستان بۆیان



ئەیانەوێ جێگەو ڕێگەی ئێستایان بپارێزن. لەولایەکیتریشەوە مالیکی و حزبی دەعوە لەڕێگەی دامەزراندنی ئەنجومەنەکانی ئیسنادەوە هێزێکی زۆریان لەدەوری خۆیان کۆکردۆتەوەو بەنیازن نەك هەر لەدیالە، بەڵکو لەسەرانسەری عێراقدا قورسایی گەورەیان ببێت و زۆرترین کورسی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان بۆخۆیان مسۆگەر بکەن. هەربۆیە تاڵەبانی و بارزانی بەدیاریکردنی یەك نوێنەر بۆ هەردوکیان ئەیانەوێ بەشداری ئەم پێشبرکێیە بکەن. بەڵام ئایا لەم تەخشان و پەخشان کردنەی پارەوپولی خەڵکی کوردستان بەسەر ئەو سەرۆك خێڵ و عەشایەرانەدا شتێك سەوز ئەکەن؟ تەنانەت لەئەگەری سەرکەوتنی کارەکەشیاندا کە مەبەست لێی هەڵبژاردنەکانە، نابنەهۆکاری زیندوکردنەوەی عەقڵیەتێکی دواکەوتوانەو نامۆ بەمرۆڤی ئەم سەردەمە؟ ئایا کێشەو گرفتەکانی سبەینێی ئەو عەشیرەتانە کاتێك کە بەهێز ئەبن و مسلیشیاکانی سەر خێڵ و عەشیرەت دائەمەزرێنن، زیاتر نابێت لە قازانجێك کەئەمڕۆ بۆ سیاسەتی پارتی و یەکێتی بەشوێنیەوەن؟ بۆیە ئەگەر ئەنجومەنەکانی ئیسنادی مالیکی و صحوەکانی سەربە ئەمریکا دیوێکی سیاسەتێك بن، ئەوا بەستنی ئەم جۆرە کۆنگرە عەشیرەتیانەو تەخشان کردنی

# سێ موزسیۆنەکەی هۆڵەندا بڕی 5،6 ملیۆن یورۆیان بۆ کۆمەکردن بە ئاوارەکان کۆکردەوە

هاوپشتی : ماوەی شەش ڕۆژ سێ موزسیونی هۆڵەندی DJ بەمەبەستی کۆمەک کردن بە ئاوارەکانی جیهان بە بێ نانخوارن چوونە ژوورێکی شوشەیی‌یەوە لە شاری برێدا و ڕۆژانە بە درێژایی 24 کاتژمێر بەردەوام بوون لە پەخشکردنی ڕادیۆیFM3 .

ئەم چالاکی‌یە بۆ کۆمەککردن بوو بە خاچی سووری نێودەوڵەتی تا خواردن، ئاو، و پێداوستی‌یەکانی ڕۆژانە بۆ ئاوارەکانی جیهان دابین بکەن. لە ماوەی ئەو شەش ڕۆژادا بە هەزاران کەس سەردانیان کردن وتوانیان بڕی 3.137.937 یورۆ کۆبکەنەوە و حکومەتی هۆڵەندیش بە بڕی 2،5 ملیۆن یورۆ کۆمەکی کردن ، بەوپێ‌یە لە ماوەی ئەو شەش ڕۆژ چالاکی‌یەدا توانی‌یان سەرجەم 5،6 ملیۆن یورۆ کۆبکەنەوە.

سێ موزسیۆنەکە ڕایانگەیاند کە ئێمە بۆ ماوەی هەفتەیەک نانمان نەخوارد بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک سەرباری برسێتی و تینوێتی‌یان بێ سەرپەنان و هیچ جێگایەکیشیان نی‌یە تا تیایدا بحەوێنەوە.

## پەیامی سەرنوسەر، بۆ خوێنەران و نوسەرانی ئۆکتۆبەر

بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر، بڵاوکراوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، کە تائێستا (18) ژمارەی لێدەرچووە بەسەرنوسەری هاوڕێ عبدوڵا محمود دەرچووە، بەڵام بەهۆی سەرقاڵی هاوڕێ عبدوڵا محمود بەکاری ترەوە، بۆیە مەکتەب سیاسی بریاریدا من ببمە سەرنوسەری ئۆکتۆبەر. دیارە من لەیەکەمین ژمارەی ئەم بڵاوکراوەیەوە تائێستا هاوکاری بەردەوامی بووم و پێکەوە لەگەڵ سەرنوسەری پێشوو و بەهاوکاری هاورێیانیتر توانیومانە تائەم جێگایەی بگەیەنین. ئێستاش کە پێدەنێینە ژمارە(19)ی ئەم بڵاوکراوەیەوە، وێرای دەستخۆشی و ماندوونەبونی لەهاوڕێ عبدوڵا محمود و سەرجەم دەستەی نوسەران و گشت هاوکارانی، هیوادارم بتوانین ئەم دەورەیەش بەسەرکەوتویی بەجێگایەکی بگەیەنین و بتوانین ئۆکتۆبەر بکەینە دەنگی کۆمۆنیست و چەپ و پێشکەوتنخوازی کۆمەڵگاو لەم رێگایەوە بتوانین ڕێگای بەردەم تێکۆشەرانی دژبەستەمۆچەوسانەوە ودنیایەکی باشتر رۆشنتر بکەینەوە، بتوانین چرایەکی دەستی هەر تێکۆشەرێکی کۆمۆنیست و ئازادیخواز و نارازی بین بەدنیای ئەمرۆ و سەهممان ببێت لە کەمکردنەوەی نەهامەتی و کوێرەوەرییەکانی سبەی. ئەویش لەرێگای گەیاندنی پەیام و قسەو رێنوێنیەکانی رابەرانی مەیدانەجیاجیکانی خەباتی کرێکاران و ئازادیخوازان، لێکهەلپێکانی خەباتی ناوچەجیاجیاکان لە خەبات و تێکۆشانی سەراسەیدا، بڵاوکردنەوەی چالاکی و هەڵسوڕانەکان بۆ باشتر کردنی ژیان و گەیاندنی پەیام و داواکانیان بەگشت کۆمەڵگا، تادەگاتە کردنەوەو دیاریکردنی رووبەرێکی ئازاد لەناو بڵاوکراوەکە بۆ رابەرانی مەیدانەکان لەپێناو دروستکردنی جەدەل و پلیمیکی سیاسی بۆ بەرەو پێشبردنی رەرەوەی خەباتی کۆمۆنیستی و کرێکاری و مەدەنی و پارێزگاری کردن و بەرگرتن لەلادان و بەلارێدا بردن و شێواندنی راستیەکان. بۆیە داواکارم لە گشت و هاورێیان و هاوکاران و پەیوەندیداران کە بۆ گەیاندنی ئەم پەیامەو بۆ بوژاندنەوەی بزووتنەوەی کرێکاری وکۆمۆنیستی و وەڵامدانەوە بە گشت هێرشە نارەواکان بۆ سەرخەڵك و کرێکارو کۆمۆنیزم، هاوکارمان بن. هەر شێوازێك بۆ هاوکاری کەخۆتان پێتان دروستەو خۆتان بەگونجاوی ئەزانن بێگومان جێگەو رێگەی ئێمەی پێ ئەچێتە ئاستێکی باڵاتر، ناردنی هەواڵێك یان نوسینی بابەتێك ، تادەگاتە بڵاوکردنەوەو گەیاندنی بڵاوکراوەکە بەدەستی دۆستان و ئاشنایانتان، یان هەر شکلێکیتری هاوکاری کۆمەك، بێشك ئێمە بەهێزتر ئەکات و توانامان بۆ بەرەنگار بوونەوەو درێژەدان برەو پێئەدات، لەمبارەیەوە چاوەروانی قەڵەم و هیمەت و پشتیوانی و هاوکاری هەموو لایەکتانم.

## محمود مەشهەدانی:

# کورد کەرکوک بە قودسی کوردستان دەزانن، ئێمەش کەرکوک بە کەعبەی عیراق دادەنێین

مەحمود مەشهەدانی سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند حزبی ئیسلامی عیراقی پیلانی لە دژی گێڕاوە و تا دەست لە کاربکێشێتەوە، هەروەك ئەوەشی خستەڕوو ئەمە جاری دووەمە کە بەرپرسێك بە پیلانگێڕان واز لە پۆستێك بهێنێت "پێشتریش ئیبراهیم جەعفەری دەستی هەڵگرت لە خۆ کاندیدکردن بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران" هاوکات لەگەڵ دەست لەکارکێشانەوەی مەشهەدانی لیستی هاوپەیمانی ڕایگەیاند: "ڕازی نابێت هیچ کەسێك بەبێ ڕەزامەندی لیستی هاوپەیمانی دابنرێت". مەشهەدانی پشتیوانیشی لە گردبوونەوەی هاوئاهەنگی کرد کە هەریەك لە ڕەوتی سەدری و حزبی فەزیڵە و ئەنجومەنی حیوار بە سەرۆکایەتی خەڵەف عەلیان و بەرەی دیالۆگی نیشتمانی بەسەرۆکایەتی ساڵح موتڵەگ لە خۆدەگرێت، چونکە ئەم گردبوونەوەیە دژی پرۆژەی فیدراڵیەت و دابەشکردنی عیراقە، دەربارەی شاری کەرکوك وتی: "کورد کەرکوك بە قودسی کوردستان دەزانن، بەڵام ئێمە کەرکوك بە کەعبەی عیراق دادەنێین". ڕاشیگەیاند کە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی ساڵی داهاتوو خۆی



دەپاڵێوێت لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی سیاسی نیشتمانی دوور لە تایەفیەت. ئەم لێدوانانەی مەشهەدانی سەبارەت بەکەرکوك، هاوکات ئەو لێکترازانەی کە لەناو لیستەکاندا پێشهات، تادەگاتە هەڵوێستی هەریەك لە لیستەکان سەبارەت بە سەرکۆکێکی نوێ بۆ پەرلەمان، لەگەڵ ئەو کێشەوگرفتانەی تری ناو گۆڕەپانی سیاسی عێراق، هەلومەرجی دژواری عێراق دژوارتر ئەکەن. ئەمەش لەکەرکوکدا بەپلەی یەکەم ڕەنگدانەوەی گەورەی ئەبێت و ئەگەر هەلومەرجەکە بەم شێوەیە درێژەی ببێت، ئەوا ئاڵۆزی و پشێوی ئەخاتە ناوشارەکەو بەمەش دەستی تیرۆریستان والاتر ئەبێت بۆ کردەوەی تیرۆریستی و شێواندنی باری ئەمنیەت و ژیانی خەڵکەکەی.

شایەنی باسە کەئەم زاتە ماوەیەك ئەندامی بووتنەوەی ئیسلامی بووەو ڕایشی گەیاندوە کە شانازی بەو ئەندامێتیەوە ئەکات.


2009

عەبدوڵا محمود
ل 3

پارتی ڕۆحی هەولێر..
بەشدار عەلی
ل 5

پرۆژەی گۆڕان...
موزەفەر عەبدوڵا
ل 6

حەقیقەتی هۆلۆکۆستی..
حەمە غەفور
ل 7

زانکۆکانی ئێران....
سەعید ئەحمەد
ل 8

# بڕیاردان لەسەر" هەق و ناهەق"، بەپێوەری لۆژیکی و عەقڵانی، یان دەقی ئاینی و قورئانی؟

## لەوەڵام بە نوسینێکی عەلی باپیردا

**زمناکۆ عزیز**

لەژمارە(363)ی ڕۆژنامەی ڕۆژی 15/12/2008 ڕۆژنامەدا، ووتارێکی عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لەژێر ناوی(بەهەڵە بەکارهێنانی هەق، نابێت هەقمان لەبەرچاو بخات) بڵاو کراوەتەوە، کە لەپەیوەند بەفرە ژنییەوە نوسراوەو نوسەر هەوڵیداوە کە "هەق" بوونی فرەژنی بسەلمێنێت و "ناهەقی"یەکانی کەسی خاوەن فرەژن نەشکێننەوە بەسەر بڕیارە شەرعیەکەدا کە لەقورئاندا هاتووەو لەوێ چەندژنە شەرعیەت و ڕەوایی پێدراوە، هەروەك لەیەکێك لەقسەکانیدا ئەڵێت" کەدەبینین یەکێك ئەم یاسا شەرعیەی چەند ژنە بەهەڵە بەکاردەهێنێ، خۆی دووچاری ستەمکاری و خراپەی زۆر دەکات، با ڕەخنە لەخودی ئەو کەسەو ڕەفتارە ناشەرعییەکەی بگرین. نەك بە ناهەق یەخەی ئیسلام و یاساو بڕیارەکانی بگرین، باجی هەڵەو لادانی موسڵمانانی لار، لەئاین و بەرنامەی بێهەڵەو پەڵەی خوای پەروەردگا بستێنین". بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا فرەژنی خۆی شتێکی پیرۆز و جوانە، بەڵام پیاوانێك کە بەهەڵە بەکاریدەهێنن ناشیرین و قێزەونیان کردوە؟ یان فرە ژنی شێوازێکیتری بەکاربردنی ژنانە بۆ لەززەتی سێکسی و جیاوازییەکی ئەوتۆی نیە لەگەڵ سێکس لەگەڵ لەشفرۆشێك؟ فرە ژنی بۆ پیاو، وێڕای ئەوەی کە خزمەتکارێکی "موفت- بەلاش"ی دەستکەوتووە بۆ کارەکانی ناو ماڵ، هاوکات بۆ تێرکردنی پیاوان لە سێکس پەنای بۆ دەبرێت، بەڵام ئەم یاساو ئەمرە قورئانیە چ خێرو بەرژەوەندییەکی بۆ ژنان تیایە؟ بەو مانایەی ئەگەر ژن ئارەوەکانی زاڵتربوون بەسەر پیاوەکەیدا و ئەو ژنەش زۆرترین دادوەری بەکار ئەبات، ئایا ئەشێ بۆی هەبێت لەگەڵ چەند پیاوێکیتریشدا هاوسەر گیری بکات؟.

مەلا عەلی باپیر ئەڵێت" *یەکژنی سەلامەتتر و سێناترو کەمگرفتترە، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە کە ئایا لەکاتێکدا چەند ژنی خۆی فەرو دەکات و ناچار دەبین پەنای بۆبەرین، کامیان گیروگرفت و سەئێشەی کەمتر، فرەژنی، یان زیناو داوێن پیسی؟"* دروست لەم دێڕەدا بەزەقی تەواوی قسەکانی ئاشکران کەمەبەستی لەپیاوانە، پیاو بۆ ناچار ئەبێت بچێت لەدەرەوەی پەیوەندی هاوسەرێتی، یان ئەوکەسەی کە هێشتا نەچووتە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە، پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ئافرەتێك دروست بکات؟ چونکە پێویستی پێیەتی و ئەیەوێ لەوڕێگەیەوە وەڵام بە غەریزە سێکسیەکەی خۆی بداتەوە، دروست بۆکچان و ژنانیش هەر وایە، مەسەلەکە چێژو پێویستیەکە کە مرۆڤ پێویستی پێیەتی و ناچارە وەڵامی بداتەوە. پیاوی ژندار یان ژنی مێردار، کاتێك ئەچن لەدەرەوەی پەیوەندی نێوانیان پەیوەندی سێکسی تر ئەبەستن، بێشك ئەو پەیوەندییەیان کێشە و گرفتی هەیەو ناتوانن لای یەکتری وەڵامی غەریزەکەیان بدەنەوە، بۆیە ئەچن و بەدوای پەیوەندیتردا ئەگەڕێن. ئەوەی ئیسلام و ئیسلامیەکان پیادەی ئەکەن و پەیرەوی لێئەکەن ئەوەیە کە ئەوان بەتەنها لەبەرژەوەندی پیاواندا لەمبارەیەوە قسەیەکیان هەیە، واتە تەنها هەقیان داوە بەپیاوان کە بچن و دوو دوو و سێ سێ و چوارچوار ژن ڕیزبکەن و سێکسیان لەگەڵ بکەن، بەڵام بۆ ژنەکە هیچ مافێکیان بۆ ڕەوا نەبینیوە، دیارە هۆکارەکەیشی ئەوەیە کە ژن لەدیدی ئیسلامەوە وەك پیاو بەحساب نەهاتووەو وەك کاڵایەك ڕەفتاری لەگەڵ ئەکات و لەباشترین حاڵەتیدا وەك مرۆڤی پلەدوو تەماشای ئەکات. کەواتە مەسەلەی فرەژنی و ئەو شەریعەتەی کە شەرعیەتی داوە بەم کۆیلایەتیەی ژنان، لەسەری ئەوەوە نەفرەتی لێنەکراوە کە پیاوانێك ناداوەر بوون لەگەڵ ژنەکانیان، بەڵکو لەسەری نائیسانی بوونی یاساو فکرەکەیە، کە ناهەقیەکی گەورەی تیایە بەرامبەر بەژنان. هەربۆیە مەسەلەی "هەق وناهەق" ئیتر ئەبێت بەپێوەری ترو جیاوازتر لە پێوەرەکانی ئایین و دەسەڵات دەسنیشان بکرێن. بۆنمونە لەسەر مەسەلەی ئەخلاق و نائەخلاق هەمان جەدەل و باس هەبووە، ئەوەی کە دەورەیەك بە شتی ئەخلاقی و بەرز قەبڵێنراوە، بۆ دەورەی داهاتوو بە شتی نائەخلاقی لێکدراوەتەوە. ئەم گۆڕینی لێکدانەوەیە هاوکاتە لەگەڵ ڕەوتی پێشرەوی و پاشەکشەی کۆمەڵگاکاندا. دەورەیەك و لەژێر کاریگەری عوسمانیەکاندا کە دروست پەیرەویان کردوە لەئاینی ئیسلام و بەفەتوای مەلاو خەلیفەکان لەم کوردستانە قەتڵوعامی ئەرمەنیەکان کارێکی "هەق" بووە، کە ئێستاش مەلا عەلی باپیر بەهەقی ئەزانێت، بەڵام ئەمڕۆ ئەمکردەوەیە بەچەپەڵو نائینسانی و "ناهەق" لێکدەرێتەوەو تەنانەت ماوەیەکیش مەسەلەی داوای لێبوردن لەئەرمەنیەکان، لەکوردستان کرایە پرۆژە، یان لەمامەڵە لەگەڵ کچانی خوارتەمەنی یاسایی، گەورەبەبچوك و مارەبڕینان لە کەسانی سەرو تەمەنی باوکیان، "هەق"ێك بووەو کۆمەڵگا پەیرەوی لێکردوە، بەڵام ئێستا لەگەڵ ڕەوتی بەرەوپێشی کۆمەڵگادا، ئەوکردەوە نەك تەنها بە "ناهەق" ئەناسرێت، بەڵکو وەك تاوان سەیرئەکرێت و ئەنجامدەرانیشی سوك و ڕیسوان لەبەرچاوی خەڵکدا. تەنانەت لەسەرو بەندی ئاشکرابوونی فایلەکەیدا، مەلا عەلی بۆ بێتاوان نیشاندانی خۆی لەو کەیسە ئەیووت کە نەك هەر بەعسی نەبووە، بەڵکو لەسەر بەعسی بوون برایەکی خۆی کوشتوە، ئەم کارەیشی بە "هەق" ئەناساند، بەڵام ئێستا کە ئەو مەلەفە داخراوە ناتوانێ ئەو مەسەلەی کوشتنی براکەی بکاتەوە، کە "ناهەق"ییەکی گەورەیەو ئەشێت لەسەری دادگایی بکرێت. بۆیە مەسەلەی هەق و ناهەق شتێك نیە کە کەسێك بێت و لەسەری بەرژەوەندییەکانی خۆی و حزب و بزووتنەوەکەیەوە پۆڵێن بکات.

مەلا عەلی باپیر بۆ بەهێزکردنی قسەکانی خۆی پشتی بەچەند ڕیوایەت و (حەدیس)ێك بەستوە، کە عەقڵی مرۆڤی ئێستاو ئەم سەردەمە(بەهەندێك لە ئیسلامیەکانیشەوە) قبوڵی ناکەن، بۆنمونە لەسەر دادپەروەری پێغەمبەری ئیسلام ئەڵێت" **عائشەی ژنی پێغەمبەر گێڕاویەتەوە کە: پێغەمبەر هەرکات دەچوە سەفەرێك، تیروپشکی(قورعە) لەنێوان ژنەکاندا کردوەو هەرکامیان تیروپشکی بۆدەرچوایە لەگەڵ خۆی بۆسەفەرەکەی دەبرد".** تازە ئەگەر محمد زۆر دادپەروەر بێت و لە جیاتی ناوی هەموو ژنەکان تەنها ناوی عائشەی نەنوسیبێت، ئاواهاش چ ژنێك ئەمڕۆ ئەم حوکمە قبوڵ ئەکات؟ تیروپشك لەکوێ و کەی وەك کارێکی دادوەرانە ناسراوە؟

ئەم دادوەریەی کە ئیسلامیەکان باسی ئەکەن لەسەر مەسەلەی دووژنە، تەنها مەگەر بۆ کەسێکی وەك ڕۆبنسۆن کرۆزۆ ڕەنگە شەرعیەت وەربگرێت کە لەجەزیرەیەك گیری کردبێت و لەگەڵ شەش - حەوت ژنی تردا بێت و بیەوێ دڵی هەمویان ڕازی بکات، چونکە پیاویتری لێ نیەو خۆی تەنها پیاوی ناویانە. بەڵام لەکۆمەڵگای ئێستادا و لەم زەمەنەی پێشکەتنی تەکنۆلۆژیاو زانستەدا کە عەقڵی مرۆڤی لەگەڵ خۆی کێش کردوەو قڵشتی گەورەی لەگەڵ ڕابردوویدا دروستکردوە، چ لۆژیکێکە بێتو بە پێوەری زیاتر 1430 ساڵ لەمەوبەر مامەڵەی مەسەلەکانی کۆمەڵگا بکەیت؟.

مەلا عەلی باپیرو زۆرێك لەئیسلامیەکان زۆر ڕیاکارانە کاتێك باسی قەدەغەکردنی فرەژنی ئەکرێت، یەکسەر ئەبنە داکۆکیکاری "قەیرە کچان" و "بێوەژنان" و ژنانی کەم ئەندام، دێن و ئەڵێن ئەگەر فرە ژنی نەبێت ئەی ئەو قوڕەبەسرانە چی بکەن؟ مافیان نەدەینێ زەواجێك بکەن؟ بەڵام کاتێك کەسەیری کردارو کردەوەکانیان ئەکەیت لەو بارەیەوە، زۆربەی ئەوانەی کە ئەو فرمێسکە تیمساحیانە بۆ ژنان ئەڕێژن، کەدێتە سەرمەسەلەی ژنهێنانی دووەم یان سێهەمیان یەکسەر بیرومێشکیان لای زەواجە لەگەڵ کەسانێك کە هێشتا منالن و تەمەنی یاساییان تێنەپەڕاندوە. نمونەی ئەو مەلاو شێخ و کەسەهاوتاکانیان ئەوەندە زۆرە کەهەرکەسەو لەناو چواردەوری خۆیدا ئەتوانێ چەندین ناو بهێنێتەوە.

بۆیە بەبڕوای من چارەسەری کێشەی ژنان بەگشتی لەم کۆمەڵگایەدا، بە ڕێکخستنی زەواج و دەرکردنی یاسا نابێت، بەڵکو تەنها یەك بڕگە کافیە کەبڵێت **"مەسەلەی پەیوەندی نێوان ئینسانەکانی سەرو 16 ساڵ کارێکی تایبەتی خۆیانەو کەس مافی دەخالەتکردن و خۆهەڵقورتانی نیە لەنێوانیاندا"**. ئەمە تەنها ڕێگایە کە پەیوەندییەکانی نێوان کەسەکان ئاسایی و ئینسانی بکاتەوە.

**مەسەلەی پەیوەندی نێوان ئینسانەکانی سەرو 16 ساڵ کارێکی تایبەتی خۆیانەو کەس مافی دەخالەتکردن و خۆهەڵقورتانی نیە لەنێوانیاندا**

## هەواڵەکانی توندوتیژی دژی ژنان



ڕۆژی 27/12/2008 لە گەڕەکی سەردەمی ناحیەی حاجیاوا. کچێکی تەمەن 16 ساڵ بەناوی ( سازگار جلال سلێمان) لە ماڵی خۆیاندا بە تفەنگ چەند فیشەکی لە دەموچاوو سەری خۆی داوەو دەستبەجێ گیانی لەدەستداوە. تائێستا هۆکارەکانی ئەم ڕووداوە نەزانراوە بەلام بە قسەی چەند کەسێك ئەم کچە پێشتر چەند جارێك هەڕەشەی کوشتنی لێکراوەلەسەر ئەوەی کە لەگەڵ ( PKK) بووە لە ناوەڕاستی ئەمساڵدا گەڕاوەتەوەوە و وازیلێهیناون.

ڕۆژی 16/12/2008 لە گەڕەکی ئەندازیارانی قەزای ڕانیە ژنێکی تەمەن 17 ساڵ بە ناوی ڕەنگین حەمید مەجید سووتاوە. تا ئێستا هۆکاری سووتانەکەی نادیارە.لە بەر سەختیی سووتانەکەی لە نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیەوە بەڕێکراوە بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی.

ڕۆژی 20/12/2008 لە گەڕەکی ڕاپەڕینی ناحیەی حاجیاوا کچێکی تەمەن 21 ساڵ بە ناوی سروە ڕەسوڵ پیروت لەماڵی خۆیاندا خۆی سووتاندووە. لەبەر زۆری ڕێژەی سووتانەکەی بەڕێکراوە بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی و دوای دوو ڕۆژ لەبەر سەختیی سووتانەکەی گیانی لە دەستدا.تائێستا هۆکارەکانی خۆسووتاندنەکەی نەزانراوە.

شەوی25/26/12/2008 لە گەڕەکی شەهیدانی قەزای ڕانیە,ژنێکی تەمەن 36 ساڵ بەناوی مەحبوبە حەسەن عوسمان بە نیازی خۆکوشتن فیشەکێك لە ملی خۆیدەدات بەلام بریندار دەبێت و نامرێت پاشتریش نەوت دەکات بە خۆیدا و خۆیدەسوتێنێت. لەبەر سەختیی سووتانەکەی بە ڕێدەکرێت بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی.هۆکاری ئەم ڕووداوە ئیهانە و سووکایەتی پێکردنی بووە لەلایەن هاوسەرەکەیەوە کە ناوی ( أ . ح . م .) وفەرمانبەرە لە گومرگی ڕانیە.وە بەپێی مادەی 208 لە یاسای سزادانی عێراقی و لە سەر بڕیاری دادوەر قەزای ڕانیە بڕیاری دەستگیر کراوە.

ڕۆژی 15/12/2008 لە گەڕەکی باداوەی شاری هەولێر,ژنێکی تەمەن 14 ساڵ!! بەناوی زیلان مەحمود ئاگری لە خوی بەرداوەو خوی سووتاندووە.پاشان براوەتە نەخوشخانەی ئیمیرجنسی شاری هەولیر بو چارەسەر کردن هوکارەکەی ئەوە بووە کە میردەکەی ریگای پینەداوە بچیت سەردانی مالی خوشکەکەی بکات.بەلام لە کاتی لیکولینەوەی پولیسدا ئامادە نەبووە داوای یاسایی لەسەر میردەکەی تومار بکات.

ڕوژی 17/12/200/ لە قەزای مەخمور, ژنیك بەناوی ( غ . ت . ی .) خوی سووتاند. بەهوی زوریی ریژەی سووتانەکەیەوە کە100% بوو هەر هەمان روژ لە نەخوشخانەی ئیمیرجنسیی شاری هەولیر گیانی لەدەستدا.بە قسەی کەسانی نزیکی خیزانەکەیان , کیشەی لەگەل میردەکەیدا هەبووە.

روژی 23/12/2008 بەریوەبەرایەتی پولیسی چەمچەمال لەسەر بریاری دادوەر و بە پیی مادەی 432 لە یاسای سزادانی عیراقی, دکتوریکیان دەستگیر کرد. پاش ئەوەی کە لە لاین ژنیکەوە داوای یاسایی لەسەر تومار کرابوو. بە تومەتی ئەوەی کە ئەو دکتورە قسەی ناشیرین و نابەجیی پی وتووە.

# حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و عادەتی ڕزگارکردنی سەرانی ڕژێمی بەعس!

**نوری بەشیر**
n.bashir3@ukonline.co.uk

نارەزایەتیەکی تری جەماوەری خەڵک لەپاڵ ئەو نارەزایەتیانەی کەدا بەڕووی حزبە ناسیونالیستە کوردیەکاندا لەدەرەوەو ناوەوە بەرزبۆتەوە، ئەم جارەیان لەبەرامبەر گەندەڵیە ئیداریەکانی حکومەتی هەرێم و حزبەدەسەڵاتدارەکان و سەرانیاندا و لەبەرامبەر بێئاوو کارەبایی و سەرکوتدا نیە، ئەمجارەیان نارەزایەتی لەبەرامبەر، حەشاردان و ڕزگارکردنی گیانی یەکێکی تر لەسەرانی و ئینسانکوژانی ڕژێمی بەعسە، ئەویش تاریق ڕەمەزانە کە یەکێکە بووە لەو بەرپرسانەی ڕژێمی بەعس وە بەپێی ئیفادەی خۆی سەرپەرشتی تیمێکی کردووە بۆ کیمیایی بارانی هەڵەبجە!!!

### عادەتێکی کۆنی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی!

بۆ خەڵک زۆر شوێنی تیاڕامان نیە ئەم کردەوەیەی ئەمجارە لەحەشاردانی یەکێکی تر لە بەرپرسانی ڕژێمی بەعس ڕزگارکردنی گیانی، بەهۆی ئەوەی زۆرکاری وایان ئەنجامداوەو دەیدەن، عادەتێک کەنانی لەسەر دەخۆن لەژێر ناوی بزوتنەوەی کوردایەتیدا چ لەشاخ و چ لەشار لەسەری دەڕۆن. خەڵک هێشتا وفیق سامەراییان بیرنەچۆتەوەو کەنەک نەجاتایان دا بەڵکو خستیانە لای سەرەوەو بەشۆڕشگێریش ناوزەدیانکرد، خەڵکی کوردستان شیخ جەعفەری دەستسوربو بەخوێنی خەڵکی کوردستان و عێراق بیرماوە کەچۆن لەمەرگ ڕزگاریان کرد، ئەوە سەدان مستەشارو ئەمن و ئیستخبارتیان لەدەست خەڵک ڕزگارکردوو یان لەپۆستی ئیدارەکانیاندا دایانناون، یان سەروەت و سامانێکی خەیاڵیان خستۆتە ئیختیاریان، کە ئەو چەناباە لە 18 ساڵی ڕابردوودا بێئاوو کارەبایی و برسێتیان نەدیوە، هەر ئەم ڕۆژانە تایتڵی هەواڵەکانی میدیای کوردستان ببینن کە ئەم ئەمانە نموونەیەکن کە نیشاندەری کارو سیاسەتێک لەخەرواری سیاسەت و کارەکانی حکومەتی هەرێم و حزبە زلهێزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی:

- گروپی نۆکان زیاتر لەدوو ملیۆن مەتر دووجا زەوی بازرگانی لەشاری سلێمانی لەسەر تاپۆکراوە
- نێچیرڤان داوای قەرەبوکردنەوەی زەوی بۆ تەحسین شاوەیسو خدری ڕەشید بەحری دەکات

سەرچاوە: ئاوێنە 24/12/2008

- ڕێکخراوێک بەناوی پارستنی پارتیەوە سەدان ملیۆن دینار لەهاوڵاتیان
- تاڵەبانی لەنێوان خانووی تورکمانو خێوەتی کوردەکاندا

سەرچاوە: هاوڵاتی 24/12/2008

ئەمە لەکاتێکدایە کەخەڵکانێک نەک یەک بست زەویان نیە، کرێی خانویەکیان پێنادرێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە زۆرێک نەک قەرەبووی زەرەرو زیانی شەڕی ناوخۆ نەکراونەتەوە بەڵکو خۆشیان تا ئیستا بێسەرو شوێنن و کەسو کاریان نازانن ماون یان کەس و کاریان هەر لەچاوەڕوانیدان، ئەمە لەکاتێکدا ڕوو دەدات لەبەملیۆن دەدرێ بەتورکمانەکان بۆ ڕازیکردنی دڵی تورکیا و دەیان ڕێکخراو بەناوی پاراستن و ئاسایش و سەر بەحزبەکانیان دروستدەکرێت بۆ مژینی خوێنی لەشی خەڵک کەبۆ پاروە نانێک ئیحتیاجن .

### دەڵێن تاریق ڕەمەزان، لەدەست ئاسایشی گشتی سلێمانی هەڵهاتووە!!

بەپێی ئاشکراکردنی؛ دادوەر محمد عورێبی دادوەری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق ڕۆژی 21/12 لە یەکەمین دانیشتنی دادگایی تاوانبارانی هەڵەبجە ئاشکرای کرد بەنوسراوێکی ئاسایشی گشتی سلێمانی ئاگادار کراوەتەوە تۆمەتبار تاریق ڕەمەزان ناتوانێت لەدادگاکەدا ئامادە بکرێت"چونکە هەڵهاتووە" .

سەرچاوە: ئاوێنە 24/12/2008

خەڵکی کوردستان بەم سوێندەی ئاسایش تاچەندە باوەڕدەکەن لەئاسایشی یەکێتی و پارتیدا زیندان هەڵبێت، ئەگەر یەک سەفقەی گەورەو سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرای خۆیانی لەپشتەوە نەبێت و دوور نیە سبەینێش بخوازێت بڵێن ئەمنی قەومی و قازانج و بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان وای پیوێست دەکرد، گیانی ئەم سەرکردەیەی ڕژێمی بەعس نەجاتبدەن.

خەڵکی کوردستان دەتوانن کۆتایی بەم چاوبەستانەی حزبە ناسیونالیستەکان بهێنن

ئەم چاوبەست و گەمانەی حزبە ناسیونالیستەکان چ لە 18 ساڵی دەسەڵاتی میلیشیایی لەشارەکان و چ دەورەی پێشتری شاخ هیچ گومان و خۆشخەیاڵیەکی لای خەڵک نەهێشتووە، وە خەڵکی کوردستان هیچ خۆشباوەریەکیان بەدەسەلات و وەعدەو بەڵێن و ئایندەیەکی هەردوو حزب و حکومەتەکەیشیان نیە، دەزانن لەچونە باوەشی سدام حسین و خومەینی و ئەمریکاوە هیچ قازانجێکیان نەکرد، لەنەجاتدانی سامەرایی و سەدان و بگرە هەزاران لە سەران و نۆکەرانی ڕژێمی بەعس و ئیستاش نەجاتدانی فرۆکەوانی بەرپرس لەکیمیایی بارانی هەڵەبجە و چونە باوەشی سەدرو بەدرو دەوڵەتی تورکیا، نەک نانێک بەسفرەیان زیاد نابێت، بەڵکو دەبێت چاوەڕوانیماڵوێرانی و برسێتی زیاتر بکەن، بۆیە تەنیا هێزێک کەدەتوانێت کۆتایی بەیاریکردنی ئەم حزبانە بەچارەنوسی خەڵکی کوردستانوە بهێنێ، هێزی خەڵک و هاتنەمەیدانە بەشیوەیەکی ڕێکخراوو، هاتنەمەیدانیانە لەگەڵ کەسوکاری قوربانیانی کیمیایی بارنی هەڵەبجەدا بەدژی حەشاردان و ڕزگارکردنی گیانی سەرانی بەعس و تاوانباری کیمیایی هەڵەبجە.

**کۆمەك بەحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان بکەن**

# 2009 ساڵی قوڵبونەوەی زیاتری ئەزمەی ئابوری و گەڕانەوەی مارکس و ئەگەری شۆڕشە

عبداللە مەحمود
abdulla.mahmud@gmail.com

ساڵی 2008 ساڵێکی ئاوس لە رووداو گۆرانکاری بوو، ئەمە نە لە دنیای دوور لە ئێمە، بەڵکە لە عێراق و کوردستانیش. نەك تەنها بۆ بلۆك و قوتب و بەرە و چینێکی دیاریکراو بەڵکە بۆ هەمووان بەهەموو چین و توێژەکانەوە.

ئەژمارکردنی رووداوەکان و وڵات و جێگاکانیان و هەمەچەشن بوونیان. ئەژمارکردنی جەنگەکان، رووداوە دەستکردو سروشتیەکان، ئەژمارکردنی جەلادو قوربانیەکان،.... کارێکی سادە نییە. رێگە بدەن تەنها سەرخەتی گرنگترین و بەرجەستەترین رووداوەکان بە دیر نیشان بدەین کە دەزگا راگەیاندنەکانی دنیا بلاویان کردۆتەوە.

*بومەلەرزەیەك لە خواروی رۆژئاوای چین زیاتر لە 80000 هەزار ئینسانی لە بەین برد.

*لە پێناو دیموکراسیدا خۆپیشاندانێکی فراوانی جەماوەری لە تایلەند، گەمارۆدانی فرۆکەخانەی سەرەکی ئەم وڵاتە لێکەوتەوە کە بوو بەهۆی ئەوەی 300000 هەزار ئینسان سەرگەردان بن.

*لە پاکستانی دوای تیرۆری بۆنەزیر بۆتۆ پەرویز موشەرەف دەستی لە کار کێشایەوەو هاوسەری بۆنەزیر بۆتۆ جێگای موشەرفی گرتەوە.

*دوو میوانخانەی گەورە لە شاری بۆمبای هیندوستان کرانە نیشانەی گروپە تیرۆریستە ئیسلامیەکان، کە لانی کەم 170 ئینسان تیایدا بوونە قوربانی و کوژران.

*دزانی دەریایی سۆمالی دەیان هێرشیان کردە سەر کەشتیەکانی نێوان دەریای سور و ئۆقیانووسی هیند، چەندین کەشتیان رفاندو چەندین کەسیشیان بە بارمتە گرت.

*لە ئیسرائیل ئهود ئۆلمراید بە هۆی فەسادی مالیەوە تاوانبارکراو زیپی لیونی وەزیری خارجی ئەو وڵاتە جێگای گرتەوە.

*ئاگربەستی نێوان ئیسرائیل و گروپە فەلەستینەیکان کۆتایی پێهات و ئیستا شەرو بەیەکدادانیان زۆر بە توندی بەردەوامە.

*لە رووسیا دیمتری مۆدۆف جێگای فلادیمیر پۆتینی گرتەوە. روسیا لەبەرامبەر کردەوەی جۆرجیا و داگیرکردنی ئۆستینیای خوارو، لە هەڵمەتێکی سەربازی خێرادا جۆرجیای داگیرکردو پاشان بە کەڵەگایی سەربەخۆی ئۆستینای خوارو و ئەبخازیای راگەیاند.

*رادوان کاراجیچ یەکێك لە رابەرانی سربەکانی بۆسنە بەتاوانی ئەنجامدانی تاوانی جەنگ لە دەیەی نەوەدەکان و لە جەنگی ناوخۆدا، لە پایتەختی سربستان دەستیگیر کرا.

*دوای کوشتنی لاوێك لە یۆنان لە لایەن پۆلیسەوە، خۆپیشاندان و توندو تیژی زۆرێك لە شارەکانی یۆنانی گرتەوە، زیاتر لە هەفتەیەك درێژەی کیشا. کوژرانی ئەم لاوە کرایە سەکۆیەك بۆ نشاندانی نارەزایەتی و نەفرەت بەدژی وەزعی فەلاکەتباری ئابوریدا.

*فیدل کاسترۆی رابەری کوبا بەهۆی توش بوونی بە نەخۆشییەوە، وازی لەدەسەلات هێناو دەسەلاتی خۆی سپارد بە رائۆلی برا بچوکی خۆی.

*توندوتیژیەکانی وڵاتی کۆنگۆ زیاتر لە 300 هەزار کەسی لە ماڵ و حالی خۆیان وەدەرنا.

*توندوتیژی لە کۆماری کینیا لەکاتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا بەدەیان کوژراو وبریندارى لێکەوتەوە.

*دوای دەسەلاتی هەشت ساڵەی جۆرج بۆشی کور، باراك ئۆباما لە حزبی دیموکراتی ئەمریکا، لەبەرامبەر جان مەکینی رکەبەرەکەیدا سەرکەوتنی بەدەست هێناو بۆیەکەمین جار رەش پێستێك پۆستی سەرۆکایەتی ئەمریکای وەرگرت و گەیشتە کۆشکی سپی.

*جۆرج بۆش لە دوا سەردانیدا بۆ عیراق و لەکاتی ئەنجامدانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا لەگەڵ مالکی بەر کەوشەکانی مونەتەزیر زەیدی کەوت.

*لە عیراق توافوق و سازانەکان بەسەریەکدا رمان و بالانسی هێزەکان گۆرانی بەسەردا هات و کێشمەکێشی دوای ئەم تێکچونی هاوسەنگی هێزە درێژەی هەیە. رێکەوتننامەی ئەمنی!! عیراق و ئەمریکا لەژێر ناوی رێکەوتنامەی کێشانەوەی هێزە بیانیەکان، مۆر کرا.

*لە کوردستان قلشتی نێوان دەسەلات و هەردوو حزبی حاکم بەرەو قوڵبونەوە چووە، تالانی داهات و پاروی دەمی خەڵك درێژەی هەیە، دواین دیاری ئەم دەسەلاتە بۆ ژنان و کۆمەڵگا پەسەندکردنی یاسای فرەژنی بوو لە پەرلەمانەکەیان.

لە رونگەی ژۆرنالیزمی بەکرێگیراو مفتەخۆری بالادەستی ئیستای دنیاوە ئەمانە سەرخەتی گرنگترین رووداوەکانی ساڵی 2008 پیکدەهینن، لەکاتیکدا کە هەوالەکانی پیس بوونی ژینگەو ئالودەبوونی، ئاماری برسیەکان و خێڵی رۆژ لە رۆژ زیاتری بێکاران، کارەساتە سروشتیەکان، جەنگە نەپساوەکەی نێوان تیرۆرزمی دەولەتی و و نیودەولەتی و تیرۆریزمی ئیسلامی، سەرهەلدانەوەی راسیزم، بەردانی هەوساری ئیسلامی بۆ گیانی بەشەریەت، بەرەوا لەقەلەمدانی برسیتی وەکو مافی هەژاران، بەکارهێنانی منالان لە کارو بەکارهێنانیان لە جەنگەکان، توندوتیژی دژ بەژنان و قەسابی کردنیان، سەرکوتی ئازادی و ئازادی رۆژنامەگەری، ئاوارەیی و تسونامی نەخۆشیەکانی وەکو ئایدزو شیرپەنجەو دەیان نەخۆشی تر، نەخویندەواری، ئاماری تەقینەوەکان، ئالوگۆرەکانی ژینگە، هەژاری سەرسورهینەر، گرانی... کە بەحەق رووداوی تەکاندەر و گرنگن، کەمترین ئاماژەیان پیدەکریت.

لەوەش واوەتر خەریکە گەورەترین رووداوی ساڵی 2008 کە سەرەتای رووداو ئالوگۆری دەورەییشە، لە درێژەی خۆیدا ئاکامەکانی دەبێتە هۆی پیناسەکردنەوەی زۆرێك لە هاوکێشە سیاسی و ئایدۆلۆژی و ئابوری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئیدارو حکومیەکان و پەیوەندی نێودەوڵەتی تازەو سەرهەڵدانی قوتب و بلۆك بەندی تر، هۆشیارانە پەردەپۆش دەکرێت.

گرنگترین رووداو ئالوگۆری ساڵی 2008 ساڵی چونە ژێرپرسیاری بەرجەستە و سەرەتای دارمانی مۆدیلی ئابوری و سیاسی و ئایدۆلۆژی زاڵی دنیا بوو.

ساڵی رووله دارمانی لیبرلیزمی ریگانیزم و تاتچەریزم بوو کە لەئاکامی ناکامیەکانی نیوەی یەکەمی سالانی هەفتاکانی ناسیونال ریفۆرمیزمی" سۆسیال دیموکراسی" گرسایەوە و بە کەوتنی قوتبە بەناو سوسیالستیەکەی" بلۆکی شەرق" لە کۆتایی هەشتاکاندا جەژنی سەرکەوتنی گێرا.

سالی بەکردەوە داچۆرانی درۆزەبەلاحەکەی "کۆتایی هاتنی مێژوو" لە جوعبەی بۆرژوازی سەرکەوتوو بو.

ساڵی سەرەتایی دارمانی ئابوری بازاری ئازاد بوو کە بە ئەزمەی لەدەستدانی متمانەی بانکەکانەوە دەستی پێکردو کێشرایە جەستەی پیشەسازی و شارەگی ئابوری زاڵی دنیا.

دوای نزیك بە چوار دەهە لە شەیپوری شیاو بوونی بازاری ئازادی بێکۆنترۆل و بانگەشەی کۆتایی هاتنی کۆتایی مێژوو لە ژێر ناوی ئەوەی کە ئەم نیزامە بەدواین ئەلگوی شیاوی خۆی گەیشتووەو مێژوو تەواو بووە، لەناودڵی ئەو مەمەلەکەتەی کۆتایی مێژووی تیا راگەیەنرا، لەناو دڵی زبەلاحترین هێزی ئابوری دنیاوە، مارشی رەوەندی رووڵەلێژی ئەم نەزمە لێدرا.

وەکو ژۆنالیزمی بەکرێگیراو رایدەگەیەنن ئەم ئەزمەیە تەنها ئەزمەیەکی مالی نییە، تەنانەت تەنها ئەزمەیەکی ئابوریش نییە، بەڵکە ئەزمەی نیزامی سەرمایەداری و سەرکردەی تا ئێستای ئەم نیزامەیە، ئەزمەی بالادەستی و سیاسی و بالادەستی ئایدۆلۆژی و ئەزمەی عملەی دۆلارە لە بۆرسەی دنیای ئێستادا.

بۆرژوازی لەهەموو گۆشەکانی دنیاوە، خەریك دەست وەرئەداتە ئابوری و بازاری ئازاد!!، وە بە ئاشکرا خەریکی داتەکاندنی کیسەی خەڵکی کریکار و بەرهەم هینەرانە بۆ ئەوەی رەوەندی داروخانی ئابوریان بەرپیبگرن و وەکو پیشەی هەمیشەییان قەرەبووی ئەزمەکە بکەنەوە. بەلام فریا ناکەون.

ئەزمە لە بانقە زەبەلاحەکانەوە هاتووە لە ول ستریت وە تا لیمن برازەر سیستی گروپ و بانقەکانی ئەوروپا و لەوێشەوە دوا پەرەسەندنی یەخەگیری جەنرال مۆتۆر بووە، و لەویشەوە بەرەو نیسوزۆی یابان و تویتاو نیسان و فۆلفۆو فۆرد کشاوە، ئێستا لەملی زوربەی کۆمپانیاکانی سەیارە ئالاوە، گەیشتووە بە رۆلز رۆیسی دروستکەری فرۆکەو... ئەزمە درێژەی هەیە بازارەکانی ئەمریکا ئەوروپاو چین و ژاپۆن و روسیاو تەنانەت ولاتانی ئاسیاو ئەفریقیا و ولاتە عەرەبیەکانی گرتۆتەوەو هەموویان هاوریان لێهەلساوە، کەم بونەوەی ئاستی فرۆش و نرخی سود، لەراستیدا نرخی تالانی روو لەدابەزینە. لەگەڵ ئەم ئەزمەیەدا شەپۆلی راگرتنی چەندین کارگە و نیوەراگرتنی هەزاران کۆمپانیای تر، گیرخواردنی دەیان بانك بەدەست ئەزمەوە، شەپۆلێکی بەرینی لە بێکارکردن بودوای خۆیدا هێناوە، تسونامی بێکارکردنەکان تائێستا زیاتر لەچەندین ملیۆنە، زیاتر لە دوو ملیۆن کریکار لە 2008 تەنها لە ئەمریکادا بێکار کراون‌و پێشبینی دەکرێت ئەم شەپۆلی بێکارکردنە چەند بەرابەر ببێت. ولاتە زەبەلاحە ئابوریەکان لەهەولی ئەوەدان کە کاریگەری ئەم ئەزمەیە رەوانەی ولاتە دواکەوتوەکان و دەرەوەی خۆیان بکەن.

ئەم رووداوە کە دەستی پێکردووە لەگەڵ خۆیدا بەرامبەرکێیەکی فراوانی نێوان بۆرژوای و چینی کریکار بەدوای خۆیدا هێناوە، کێشمەکێشێکی چینایەتی فراوان کە بە واقعی دەورەیەك لە گوزر وەشاندن و پیشرەوی، مانگرتن و خۆپیشاندان، تا دەگاتە کۆنترۆلکردنی کارگە و کۆمپانیاکانی بەدوای خۆیدا هیناوە، کۆتایی ساڵی 2008 لێوان لێوە لە کێشمەکێشی نیوان بۆرژازی و چینی کریکار. چینی کریکار لە دژی بیکاریکردنە بەربلاوەکان، نەبونی ئەمنیەتی پیشەیی، بۆ بردنە سەری کری، و وەستانەوە بەرووی سیاسەتی ئابوری ولاتەکاندا، هاتونەتە مەیدان.

رێپێوانی کریکارانی کۆمپانای نیسانی یابان لەدژی دەرکردنی نزیکەی 2000 هەزار کرێکار لە ئیسپانیا. مانگرتنی شەبەکەی گواستنەوەی گشتی لە ئیتالیا،کە پاس و قیتارو میترۆکان گرتەوەو بە واقعی کۆمەلگای لە جولە خست، لەدژی نائەمنی کارو ریکەوتنە تازەکان. رێپۆانی زیاتر لە 20 هەزار کریکار لە سیئۆلی پایتەختی کۆریای جنوبی لە دژی سیاسەتی ئابوری ولات، کە کرێکارانی هیلی ئاسن و کۆمپانیای کیمیاسازی و رستن و چنین بەشداریان تیاکرد. مانگرتنی زیاتر لە 16 هەزار کرێکاری هێڵی ئاسن بۆ زیادکردنی کریکانیان، مانگرتن و لەهەندیك لە شارەکانیش لە ئەلمانیا رێپیوان و خۆپیشاندانیان بۆ زیادردنی 8% کری و بۆ وەستانەوەی لەدژی سیاسەتی بە تایبەتی کردن. رێپێوان و خۆپیشاندان لە شاری سۆفیەی بولغاریا بۆ دووەم جار لە ماوەی دووهەفتەدا لەدژی دواخستنی کرێکانیان، خۆپیشاندانی دووبارەی خەلکی ئیسلەند لە دژی سیاسەتی ئابوری دەولەت دواکاری دەست لەکار کیشانەوەی حکومەت،....تاد، چەند دیمەنێك لە راوەستاوی چینی کریکارە لە کۆتایی ساڵی 2008 دا، لەدژی بۆرژوازی و دەولەتەکانیان. ئەم ململانی چینایەتییە گەورەترین رووداوی ساڵی 2008 و چونە پیشوازی ساڵی 2009 یە.

هاوکات گەڕانەوەی مارکس و ئیدەکانی و پیشوازیەکی فراوان کە لە کتیبەکانی مارکس دەکرێت. لەکاتێکدایە کە راستی بۆچونەکانی مارکس بۆ نیزانی سەرمایەداری و قەیرانەکانی دەردەخات، هاوکات هەراوهۆریای ریفۆرم و چاکسازی و بانگەشەی فەردگەرایی و ئازادی وسەربەخۆی فەردی لیبرالەکان و سوسیال ریفۆرمیستەکانی، بەرەو بن بەست پەلکیش کردووە.

ئیستا کۆتایی سالی 2008 ە کە بۆرژوازی ئەمریکا لەترسی شۆرشی بیبەشان ئامادەکاری دەکات، دواین راپۆرت پیمان رادەگەیەنیت، سوپای ئەمریکا خۆی بۆ راوەستانەوە بەرامبەر بە شۆرش ئامادەئەکات و حکومەتی نیزامی پیشنیاریکی جدیییە. رۆژنامەی Phoenix Business Journalکە رۆژی 17 سیبتەمبەر بلاوکراوەتەوە لە بابەتێکدا ئاماژە دەدات بە سیمای ئیستای دنیا و ئەمریکا، دامەزراوەی U.S. Army War College کە یەکێکە لەو قوتابخانەی کە بالاترین دەستەی سوپای ئەمریکا تیایدا پەروەردەدەکرین لە گوزارشیکدا رایدەگەیەنێت کە پێویستە پنتاگۆن سەرچاوەی توانایەکانی خۆی بۆرووبەرووی بونەوەی ئەگەری شۆرش کە لەئاکامی ئەزمەی ئابوریەوە لە ریگادایە لە ناوخۆی ئەمریکاو دەروەی ئەمریکادا، ئامادەبکات. هاوکات لە یاداشتێکدا کە سەرۆکی سندوقی دراوی نیودەولەتی Dominique Strauss-Kahnلەهەمان بەرواردا واتە 17 دیسەمبەر هوشداری دەدات و دەلێت ئەگەر ریگەی خیرا نەگیرێتە بەر بۆ بەرگرتن بە ئەزمەی ئابوری ئێستا، ئەگەری شۆرش لە زوربەی ولاتەکانی دنیادا لە پێشمانە، لەوانەش واوەتر دوو لە ئەندامانی سەناو کۆنگریسی ئەمریکا باس لەوەدەکەن کە بەرپرسی خەزنەداری ئەمریکا Henry Paulson، باس لە راگەیاندنی حکومەتی نیزامی دەکات و بەرپرسانی پۆلیس لەهەموو شارەکانی ئەمریکادا ئاگادارکراون و هێواش هێواش خەریکی ئامادەکارین بۆ وەستانەوە بەدژی هەلسانی جەماوەری خێلی بێخانەو لانەو ئۆردوی بێکاران و بەرهەمهێنەرانی کۆمەلگادا.

2008 ساڵی ئەزمەی ئابوری بازاری ئازاد و شکستی تاتچەریزم و ریگانیزم، سەرەتای وەجۆش کەوتنەوەی چینی کرێکار و گەرانەوەی مارکس و مارکسیزمە. ئەمە گەورەترین رووداوی نەك تەنها سالی 2008 و سەرەتای سالی 2009 یە، بەڵکە سەرەتای گەورەترین رووداوی سەدەی بیست و یەکە، ئەمە کە بەکویٚ ئەگات و رەوتی ئەم ئالوگۆرە چۆن دەچێتە پێشەوەو کۆمەڵگا چ سیمایەکی تر بەخۆیەوە دەگرێت، پەیوەستە بە سەنگ و سوکی هێزی چینی کریکارو و رادەی ریکخراوبوون و یەکگرتووی بوون و ململانی لەگەل بۆرژوازی و نیزامەکەی و پراکتیکی بەکردەوەی کۆمۆنیستەکان و ...تاد.

# شیعەی دیموکراسی یان دیموکراسی کۆنەپەرستانە ؟

شاباز محمود

ئەوەی لەم ووتارەدا جیگای سەرنجی منە, هەلویستی لایەنە شیعەکانی ناو پەرلەمانی عیراقە کە بە یارمەتیی ناوەندە ئاینییەکانی دەرەوەی خویان, هەول دەدەن بەخیرایی هاوسەنگیی دەسەلاتی ئیستای حکومەتی عیراق, بەقازانجی خویان بگورن.بەم پییە لە بەرامبەر پروژەی ئەمریکادا, کەلەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەلاتی ناوەند بەپیی پیکهاتەی مەزهەب و عەشیرەت و قەوم دامەزراوە, داوای ئەوە دەکەن دەنگی هەلبژاردنەکانی رابردوو حسابی بو بکری.

ئیسلامی سیاسی لە دەسەلاتدا لە ئیران. پیسترین مسیبەتی دیکتاتوری مەزهەبی بەسەر خەلکی ئەو وولاتەدا سەپاندووە.ئیستا داوای ئەوە دەکات کە دەنگی جەماوەر ببییت بە بنەمای دابەشکردنی دەسەلات وسەروەت و سامانی ئەم وولاتە.

رەوتیك کە هەرگیز باوەری بە ئیرادەی ئینسانی ئازاد نیە, و بە پیی باوەرەکانی لای وایە کە ئینسانی ئاسایی سەرچاوەی "خراپە" و "فەساد"ە, و دەبیت بەردەوام چاوی لەدەمی ریبەر و پیشەوا و وەلی فەقیە بیت تا ریگای نیشانبدات و "چاکە" و "خراپە"ی بو لەیەك جیا بکاتەوە. ئەمرو ئەمرو بو مەحکەمکردنی جیگاو ریگای سیاسی خوی, بوتە لاینگری دیموکراسی.

خالیکی ترکە جیگای سەرنج منە و دەمەوی باسی بکەم, ریککەوتننامەی نیوان عیراق و ئەمریکایە, کەشیعەی کردووە بە دووبەشی ناکوك و بەرامبەر بەیەك. رەوتی سەدر دژایەتی دەکات و مەجلیسی ئەعلاو حزبی دەعوە پشتیوانی دەکەن. موقتەدا لەدژی ووتار دەدات و مالیکی وحەکیم پیا هەلدەدەن. ئەمانە هەموونیشاندەری ئەوەن کە لایەنەبەشدارەکانی حکومەتی عیراق هیچ کامیان سەربەخۆ سیاسەت ناکەن. موقتەدا ئیرانگەرایی پێوە دیارە و حەکیم زیاتر نەرمی دەنوێنیٚ لە بەردەم ئەمریکادا. هەرکام لە هاوپەیمانیی کوردستانی و تەوافوقیش هەلویستیان زۆر نەرمە لە بەرامبەر ئەم رێککەتننامەیە. ئەوەیش کە بە خەلکی ستەملیکراوو زەحمەتکیش ناودەبریٚ دژایەتی جەوهەریی هەیە لەگەل ئەم مەسەلەیە, چونکە هەر ئینسانیك تۆزقالێك سەری لە سیاسەت و ئابووری دەربچێت, دەزانێت چ مسیبەتێکی بەدواوەیە بۆ خەلکی کرێکار و زەحمەتکیشی عێراق. کە پێدەچی چەندین ساڵ هێزەکانی ئەمریکا بو سەرکوتی خەڵکی ناڕازیی ئەم وولاتە بمێننەوە. وە بۆ لووشدانی سەروەت و سامانی ئەم وولاتە پیویستیان بەم ریککەوتنە بوو.وە دەربارەی چوونە دەرەوەی هیزەکانیشیان لە شارەکان بو هێمنکردنەوەو مەدەنیکردنەوەی شارەکان نیە, بەلکە بە کەمکردنەوەی زیانە گیانیکانی هیزەکانی خۆیەتی.

## درێژەی .....

# ئاشکرابوونی نهێنی تاوانبارانی کیمیابارنی هەڵە بجە سەودایەکیتری یەکێتی و پارتی

گشتی شاردراوەتەوە. بەلاّم لەخودی ئەم هەوالّەدا ئەوراستییە بەرجەستەیە کەحزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان لەوانەش یەکێتی نیشتمانی درۆدەکەن کاتیك پروپاگاندە بۆ خەلکی هەلّەبجە دەکەن و رۆژانە نان وپیاز بەچارەنوسی قوربانیانی کیمیابارانی هەلّەبجەوە دەخۆن و خۆیان بەخەمخۆری خەلکی ئەم شارە نیشان دەدەن، کەچی لەولاشەوە نهێنی هەلّهاتنی تاوانبارانیان لێئاشکرادەبیٚ. بەلاّم نهێنی ئەم هەوالّە هێشتا هەموو راستیەکان ئاشکراناکات، یەکێتی وپارتی کەبەتوندی لەسەر سیاسەتی ساتوسەوداکردن بەچارەنوسی خەلکی کوردستانەوە راوەستان و ئامادەن لەسەرو هەر پرەنسیپیکی ئینسانییەوە هەموو مەسەلەیەکی خەلك بخەنە مامەلەی سیاسی و بازرگانییەوە، رووداویکی ئاساییە کەفرۆکەوانێکیش بۆ بەرژەوەندی سیاسی خۆیان بەدەستکەوتیکی تەسك بگۆرنەوە. لەمبارەوە باشترە ناوەرۆکی مامەلەو بازرگانیکردنی ئەمجارەیان بخەینەروو:

بەدوای تیکچوونی هاوپەیمانیتی نیوان یەکێتی وپارتی لەگەل شیعەکان، هەرەشەکانی مالیکی بۆسەر کوردستان ودەسەلاّتی هەرێم بووە نیگەرانییەك بۆ دەسەلاّتدارانی کوردستان وئەوانی وادارکرد کەبچنە نێو رێکەوتنەوە لەگەلّ سوونەکان، تالەم ریگایەوە بالاّنسی خۆیان لەنێو تەوازنی هێزە عیراقیەکاندا رابگرن. بەلاّم بۆ راکێشانی رای ئیعتمادی سوونەکان لەدژی مالیکی وحکومەتەکەی پێویستیان بە دانی ئیمتیازاتێکی سیاسی هەیە تا ئەم هاوپەیمانییتە نوێیەیان بچەسپێت. لەمبارەوە ئازادکردنی فرۆکەوانەکەی لای ئاسایشی کشتی یەکێتی تەنها دیارییەکە بۆ رەوتە ناسیونالیستە عەرەبی و ئیسلامییە سوونیەکان بۆئەوەی "حوسنی نییەتی" ناسیونالیزمی کورد نیشانبدری کەبەهەق هاوپەیمانیەکی دلّسۆزن. بەواتایەکیتر یەکێتی وپارتی بۆئەوەی لەهاوپیەمانیەتی ئەمجارەیاندا لەگەل سوننە نەیارەکانی مالیکیدا، پویستیان بەوە بوو کەدیارییەك پێشکەش بکەن بۆئەمەش گەرانەوە بۆبەخشینی تاوانبارانی خەلکی کوردستان، بەبیٚ ئەوەی پرس ورای خەلّکی لەسەر وەربگرن. ئەمەش عادەتێکە کەلەسیاسەتی سات وسەودا ومامەلّەی حزبەکانی کوردایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە.

راستیەکەی ئەوەیە کە ناسیونالیزمی کورد وحزبەکانی ئامادەن هەموو شتێکی خەلّکی کوردستان بخەنە سەوداوە تەنها بۆئەوەی بەدەستکەوتێکی پوچ و بێمایە بگەن بۆخۆیان ودەسەلاّتەکەیان، تەنانەت ئەگەر حەیسیەتی ژیان و چارەنوسی خەلّکیشی پێوە بەندبێت. بەلاّم ئایا خەلّکی کوردستان بەگشتی وخەلکی هەلّەبجە ئەمجارەیان لە مەسەلەکانی خۆیان خۆش دەبن؟ ئایا بەنهێنی راگرتنی تاوانبارانی خەلکی کوردستان و سات وسەداپیکردنیان بەچەند مەرامی پوچەوە بەتاوانیك بۆ یەکیتی وپارتی دەنوسنەوە تا ریگانەدەن جارێکیتر بەهاو خواستەکان وحەیسیەتیان نەفرۆشری؟ ئەمە ئەو پرسیارانەیە کەدەبیٚ لەئێستاو داهاتوودا لەلایەن خەلّکی ئازادیخوازی کوردستانەوە وەلام وەربگرنەوە.

# دەشتی جەمال: "خواست و نارەزاییەتیەکانی پەنابەران بەشێکە لەخواست و نارەزاییەتیەکانی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە دەسەڵات"

## دیداری بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر لەگەڵ دەشتی جەمال سەبارەت بەکارو چالاکیەکانی فیدراسیۆنی پەنابەران و کێشەی ناردنەوەی پەنابەران بۆکوردستان

**.ئۆکتۆبەر: فیدراسیۆن کێیە ؟ کەی دامەزرا؟ لەچەند وڵات نۆینەرایەتیان هەیە؟**

**دەشتی جەمال:** فیدراسیۆن رێکخراوەیەکی جەماوەری سیاسی ئینسانی نادەوڵەتی یە لە ئاستی جیهاندا بەرگری وداکۆکی لەمافە ئینسانیەکانی پەنابەران دەکات فیدراسیۆن باوەری وایە کەهۆکاری سەرەکی ئاواربوون و رووهێنانی میلۆنەها ئینسان بۆژیانی پەنابەریی و کۆچکردن، دەگەریتەوە بۆ لەئارادابوونی حکومەت ودەوڵەتانیك کە توانای مانەوەی ژیانیکی ئارام وخۆشگوزەران، ئاشایش و بەرابەرو ئازادیان لەهاولاتیانی ژێردەستی خۆیان سەندووە و بەهۆی جەنگ ودەعوای سیاسییانەوە کۆمەلانی خەلکیان لەحالەتیکی نائەمن و سەرکوت خویناویدا راگرتووە.

فیدراسیۆن باوەری بەوەیە کە "نیشتمان" ئەوشوینەیە کەهەرکەسیك تیدا کار وەیان ژیان دەکات. ئێمە بروامان وایە کەمافەکانی ئینسان جیهانیە وبەهۆکاری جوگرافی و رەگەز، فەرهەنگ وئاین، نەتەوە وچین، تەمەن وشوینی لەدایك بوون، سنوردارنابیتەوە. هەربۆچون وباوەرو بزوتنەوەیەك کەمافەکانی ئینسان بەپێی ئەم هۆکارانە سنورداردەکەنەوە، لەوانە ناسیونالیزم و ئیسلامی سیاسی و راسیزم وفاشیزم و تیوری نسبیەتی فەرهەنگی، بیروباوەر و بزوتنەوەی کۆنەپەرستانەن و لەبنەرەتەوە دژایەتیان لەگەل مافە جیهانداگرەکانی ئینسان‌دا هەیە.

فیدراسیۆن لە ساڵی 1993 دامەزراوە و ە لە 8 وڵاتای دنیا نوسینگە وەیان بەرپرسیارتی و نۆینەرایەتی دەکرێت..

**بلاوکراوەی ئۆکتۆبەر: شێوازی کارکرنی ئێوە چۆنە ؟کێ ئەتوانێ بەهرەمەند بێت لەهاوکاری و پشتیوانی فیدراسیۆن ؟چ مەرجیکتان هەیە بۆ هاوکاری؟**

**دەشتی جەمال:** فیدراسیۆن لە هەر شێوازو رەوشی کاریك ئیستیفادە دەکات بەمەرجێك پیچەوانە نەبێت بە ئەهداف و ئامانجەکانی کە ئەگەر بەکورتی بلێم :

* بەرگری بێ قەیدو شەرت لەمافە ئینسانی یەکانی پەنابەران بەبێ لەبەرچاوگرتنی بیروڕای سیاسی، نەژاد، دین، نەتەوە ورەگەز وتەمەن...
* رێکخراوکردن و یەکگرتووکردنی ریزەکان و خەباتی پەنابەران لەپێناو بەدیهینانی خواستو داواکاری ئینسانی یەکانیان.
* لەئاستی جیهان بۆ راکیشانی پشتیوانی رێکخراوە پەنابەری و ئینسانی و یەکیتی کریکاری و کەسایەتی ئازادی خوازو پێشکەوتووخواز وبەرگری لەبەها ئینسانییەکان تێ دەکۆشێ.
* فیدراسیۆن خۆی بەبەشیك لەبزوتنەوە وبەرەی خەبات لەدژی راسیزم و فاشیزم و کۆنەپەرستی دەزانێ.
* بەرگریکردن لەتەواوی مافەکانی ژنان، فیدراسیۆن کاردەکات لەپێناو دورخستنەوەی مەترسییەکان لەسەر ژیانی ژنان و راوەستانەوە دژ بە توندوتیژی و کوشتنی ناموسی، وپیاوسالاری وهەموو ئەو هۆکارە سیاسی و یاسایی و فەرهەنگیانەی ئەم دیاردەیە پەرەپیدەدات. و هەروەها فیدراسیۆن تیدەکۆشێت بۆچەسپاندنی تەواوی ماف و ئازادیەکان بۆ ژنان و تەماشاکردنیان وەك هاولاتی یەکسان لەو کۆمەلگایانەی ژیانی تیدا دەکەن.

بەرگری تەواو لەمافەکانی مندالان وەك مافێکی جیهانی و راوەستانەوە دژ بە هەر یاسایەکی دینی کە ریگەگری لەبەردەم تیکەلاوبوونیان لەکۆمەلگا دا دانێ.

خەبات دەکات لەپێناو پەردان و ئاسۆدارکردنی پەنابەران بەبیرورای سوسیالیستی و مۆدرێن و ئینسانی و رزگارکردنی پەنابەران لەکوت و بەندی کۆنەپەرستانەوە ناسیونالیستی و رێکخستنی پەنابەران لەگەل شێوەی ژیان و داب و نەریتی پێشکەوتوخوازانە و ئاویتەکردنی پەنابەران لەو کۆمەلگایانەی ژیانی تیا بەسەر دەبەن.

بەتووندی دژ بە چەوساندنەوەو پێشیلکاریەکان بەرامبەر بەمافی مرۆڤ لەکوردستان و عیراق تیدەکۆشێ لەئاستی جیهاندا پشتیوانی بۆ رادەکیشێ.

فیدراسیۆن بەرگری تەواو لەو رێکخراوە پەنابەری و دامەزراوە ئینساندۆست و کەمپینە پەنابەری و ئینسانیانە دەکات کە داکۆکی لەمافە ئینسانییەکانی پەنابەران دەکەن لەسەرتاسەری جیهاندا.

* پەنابەران رێك دەخات لەپێناو پشتگیری و بەهیزکردنی ئەو بزووتنەوە سیاسی و کۆمەلایەتیانەی لەعیراق وکوردستاندا خەبات دەکەن بۆ ئایندەیەکی ئاسودەو ئینسانی و دەستەبەرکردنی ئازادی ومافەکانی ئینسان بۆکۆمەلگای کوردستان وعیراق.

هەموو ئەو کەسانەی ئارەزوودەکەن کەلەچوارچیوەی ئامانج وبەلگەنامەکانی فیدراسیۆندا کار بکەن بۆ مەسەلەی پەنابەران، بەدۆر لە بیروباوەری سیاسی و رەگەز ونەژادیان دەتوانن ببنە ئەندامی فیدراسیۆن‌و تەنانەت ریکخراوەکانی مافی مرۆڤ ورێکخراوە ئینسانی و پەنابەریەکان دەتوانن بەشیوەی ریکخراوەیەك ببنە ئەندامی فیدراسیۆن.و هەموو پەنابەران دەتوانن بەهرمەند بن لە هاوکاری و هاوپشتی فیدراسیۆن.

**ئۆکتۆبەر: کام حزبە پشتیوانی لە ئێوە دەکات ؟پەیوەندی ئێوە لەگەڵ ئەحزاب و دەزگاکانی راگەیاندنی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟**

**دەشتی جەمال:** ئێمە لەلایەن حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان پشتیوانی راستەخۆ کراوین هەروەها لە ئاستی حزبەکانی کوردستان لەلایەن حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و پیشتیوانی لەکارو چالاکیەکانی فیدراسیۆن کراوە هەروەها لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمان چەند داواکاری ئێمەیان خستۆتە بەردەم حکومەت و دیداریان بۆ ساز داوین ، رێکخراوی تواناسازی لاوان و لەئاستی دەزگاکانی راگەیاندندا بە بەردەوامی رۆژنامەی هاولاتی پشتیوانی و هاوکاری گۆشەیەکی گرنگی پەنابەرانیان لە دوو تۆی لاپەرەکانی خۆیاندا ئینعکاس کردۆتەوە هەروەها رادیوی نەوا و زۆربەی رۆژنامەکانی تریش لەکوردستان لەو بارەوە سوپاس گوزارین.

لە ئاستی دەرەوەدا لەلایەن رێکخراوی هێزێکی بەرین لە رێکخراوە چەپو پەنابەری و ئینسانیەکان و رێکخراوی پەنابەرانی ئیرانی و کەمپینی دژی راسیزم و فاشیزم ،(جین لامبیرت) ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا و لەحزبی سەوزی بەریتانیا (جان مکدوناڵ،نیل جیراد ،جیرمی کۆبن) ئەندامانی پەرلەمانی بەریتانیا و لە ولاتی سویسراش چەند ئەندام پەرلەمان لەسەر لیستی حزبی سەوز پشتیوانی ئێمەیان کردوە لە ولاتی سوید و کەنەداش بەهەمان شێوە فیدراسیۆن رێکخراوی ئێمە هاوکاری و پشتیوانی کراوە.. بەشێکیان لە خۆپیشاندانەکانی ئێمە بەشداری کردوە و پشتیوانی راستەخۆمان لی دەکەن و داوامان لێ کردوە لەیارمەتی گەیاندنی شکاتنامە لەحکومەتی بەریتانیا لە پەرلەمانی ئەورووپا بۆ ئەنجام داوین.. و زۆرنامەی تریش پشتیوانیان بۆ پەنابەران و ئاراستەی لایەنە پەیوەندی دارەکان کردوە وەیان زۆر جار کۆبوونەوەیان بۆ سازداوین لە پەرلەمان ..هەروەها رێکخراوەکانی وەك لیبوردنی نیو دەولەتی (عفوی دووەلی، هیومەن رایت رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران بەردەوام نامەو هەولەکانی ئێمەیان بلاوکردۆتەوە یان نامەیان ئاراستەی حکومەتەکانی ئەوروپا کردوە لەگۆشەی جیا جیا وە..جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆر لەرێکخراوی پەنابەری و ئینسانی لەسەرجەم ولاتانی ئەوروپا و کەندا بەردەم هاوکاری پشتیوانی چالاکیەکانی فیدراسیۆنیان کردوە وەیان بەشێوەی کاری هاوبەش بەرەی هاوبەش لەپێناو خواستە ئینسانیەکانی پەنابەران دژ بە سیاسەتی بەزۆر ناردنەوەو مافی نیشتەجێبوون و بەردەوام لەهێنانی پشتیوانی و کاری گەورەی ئەم جەبهە ئینسانیە دریغیان نەکردوە....

دیارە لە ئاستی مدیا کوردی و ئینگلیزی ورۆژنامەکانی زمان حالی ئەو ولاتانەدا بەردەوام کارو چالاکی و هەوالکانی ئێمەیان بۆ خواستە ئینسانیەکانی پەنابەران بلاو کردۆتە لەوانە سایتی هاوپشتی ،دەنگەکان ،ئەمرۆ ..رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی و الزمان....

**ئۆکتۆبەر: سیاسەتی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران ،لەبەرکام هۆکارە ؟ئایە ئەو دەوڵەتانە مافیان هەیە ئەو کارە بکەن ،یان یاسایەك هەیە بۆ پاڵپشتی پەنابەران؟**

**دەشتی جەمال:** گۆرانێکی گەورە ئەمرۆکە بەدیدەکرێت بەسەر سیاسەتی پەنابەری وڵاتانی ئەوروپادا کە ئەویش بەرهەمی ئالووگۆریکە لە ئەوزاعی جیهاندا کە بەدوای خۆیدا کارەساتی لێکەتۆتەوە بەتایبەتی رووداوی 11 سپتامبەر و جەنگەکانی کە بەدوایەیدا هات رۆژ بەرۆژ کارکردی بووە لەسەر گەشەی بالێ راست وحکومەتەکانی ئەورووپادا و گەشەی راسیزم و بەجۆرێك فاشیزمیش کە هەموو ئەم ئالوگۆرانە زۆر فاکتەری کۆمەلایەتی و سیاسی هێناوەتە پێشەوە هاوکیشەکان بەتەواوی بەقازانجی دەولەت و بەزەرەری خەلك گۆردران، لەلایەك دەولەت بەبەهانەی گرتنی تیرۆریستان و پاراستنی ئەمنەیەت کەوتۆتە پەلاماری ماف و حقوقە مەدەنیەکانی خەلك هەروەك ئەمرۆ دەبینرێ بیکاری وگرانی زیادکردنی زەریبە قەیرانی ئابووری ئەم نیزامە کە تراژیدیای گەورەی لیکەوتۆتەوە بۆ بەشەریەت پەنابەرانیش کە کراونەتە دەستی سێیەم لە خوارەوەی ئاستی مەعیشەت و تەریك کراون واتە لەگۆشەیەکی کەنار لە کۆمەلگادا راگیراون بوونەتە قوربانی سیاسەتی بالی راستی دەولەتانی ئەوروپایی و کۆمەلە بریاریکیان بەدژی پەنابەران هیناوەتە کایەوە و لەلایەکیتریشەوە ژورنالیست و دەزگاکانی راگەیاندنی سەربەدەولەت کەوتنە دەستپێکردنی مانۆرێکی تەبلیغاتی نەژاد پەرستانە بەدژی خەڵکی بیانی، ودەولەتیش ئەم فرسەتەی قووستەوە بۆ هیرش بردنەسەرپەنابەران و مافی پەنابەریتی کەسەرەنجام حەملەی گرتن و دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی لیکەوتەوە. ئەم سیاسەتە جگەلەوەی سیاسەتێکی نائینسانییە، ناگونجێ لەگەل هیچ یاسا و پێوانەیەکی نیودەولەتی لەبارەی مافی پەنابەرانەوە کە دەولەتان خۆیان ئیمزایان کردوە هاوکات ئەم حکومەتانە نایانەویت ئاکامە زیانبارەکانی سیاسەتی چەوتی خۆیان قبولْ بکەن لە سیاسەتی شەرخوازی و جەنگ و نائارامی و کاولکاریەك کەبەسەر خەلکی عیراقدا دایان سەپاندوە، وئیستاش بەزۆر قەبلاندنی حکومەتکی کۆنەپەرستانەی قەومی ودینی ودەستووریکە کەهیچ بەهاو ستانداردێکی ئینسانی و ماف وئازادیەکانی بۆخەلکی تیدانیە دەیانەوێت عیراق و کوردستان بە ئیدعای ئەمنیت و ئارامی رووکەش بکەن.

سەبارەت بە شی دووەمی پرسیارەکەتان ئەگەر باس لە یاسا بێت بۆ پیشتیوانی لەمافی پەنابەران بە تاکید قانوون و یاسای گرنگ هەن بەلام بە داخەوە ئیجرا ناکرێت زۆر پەنابەر هێشتا تازە گەیشتۆتە ئەو ولاتانە داوای پەنابەری کردوە بەفەوری وەلامی رەتیان دراوەتێ ومەلەفیان داخراوە. تەنانەت مافی ئیعادەی مەلەفەکانیشیان لیسەندراوەتەوە. لەوەش زیاتر سیاسەتی ناردنەوەی پەنابەران بۆ ناوچەی جەنگ زیندانکردنی پەنابەران و سەختگیری لە هێنانی خیزان ...کە ئەوپەری پێشلکاری یاسا وقانوونەکانی خۆیان نیشان ئەدا.. بەکورتی ئەمرۆ چیتر ئەو یاسایانەی لەباری مافی پەنابەریوە بوو کار پێناکرێ بگرە یاسای تری ئەوپەری دژی ئینسانیان هێناوەتە پێشەوە.

**ئۆکتۆبەر: نەخشەی ئێوە لە کوردستاندا چیە ،بەتایبەتی کە کەسوکاری پەنابەران لەکوردستانن چاوەرێن چۆن سود لەم هێزە گەورەیە وەربگرن؟**

**دەشتی جەمال:** لە کۆبوونەوەی ئەم دواییانەی سکرتارێتی فیدراسیۆن لە ستۆکهۆلم بەدریژی باسی پێکەوە گرێدانەوەی کێشەکانی پەنابەران بە کەسوکارییان لەکوردستان هاتەکایەوە و گرنگی کردنەوەی نوسینگەی فیدراسیۆن لە کوردستان بووە جیگای قسەو باسمان، بە براوی من فیدراسیۆن بەشێکە لەرووداوەکانی ئێستای کوردستان و عیراق تۆ ناتوانی باسی خواستی و بەرگری لە پەنابەر بکەیت بەلام خۆت لابدەی لەوهۆکارە سیاسی کۆمەلایاتیانەی کە پالی بە گەنجان و لاوانی کوردستانەوە ناوە ژیانی پەنابەری هەلبژیرن و دۆستان و عەزیزانی خۆیان جێبهێلن خواست‌و نارەزایەتیەکانی پەنابەرانیش بەشێکە لەخواستو نارەزایەتیەکانی خەلکی کوردستان بەرامبەر بە دەسەلات. بۆیە ئێمە لە هەولی جدیدایان نوسینگەمان لەکوردستان بکەینەوە چونکە زۆر کیشەو گیروگرفت هەیە لە دەورەی رابردوودا پەخەی گرتووین پێویستی بەوەلامە لەلای ئێمەوە، لەوانە بۆنمونە زۆر خیزان لەدەرەوە هینراوەتەوە کوردستان پاسپۆرتەکانیان لەلایەن کەسوکاریانەوە لیسەندراوەتەوە یان بەزۆر دراوە بەشو یان هینراوەتەوە کوردستان کوژراوە یان بکوژانی ژنان لە دەرەوە هاتوونەتەوە کوردستان خۆیان حەشار داوە تا منداڵەکاتی ئەو پەنابەرانەی دیپۆرتکراوەتەوە پەیگری کیشەکانیان یان ئەو خیزانانەی لەیەکتر داربراون وەیان ئەو پەنابەرانەی لەسنورەکان بەدەستی جەدرمەکان کوژراون یان لە مەسیری ریگادا خنکاون کەسوکاریان نەیان توانیوە بە جەنازەکانیشیان دەستکەویتەوە دەیان گرفتیتر...ئێمە ئینتزارمان هەیە لەکەسوکاری ئەو پەنابەرانە پشتیوانی لە فیدراسیۆن کەمپینەکانی بکەن فشار بهێنن بۆ دەسەلات دەست لەیەخەی روولەکانیان بکاتەوە لە دەرەوە ئەوان کە منداڵو کەسی خۆیان بەنرخی گیان لەدەستدان گەیشتوونەتە دەرەوە ماڵ و حالیان بۆ فروشتوون ئەمرۆ بە دەستی بەتاڵ رەوانە دەکرینەوە گرنگە ئەم داوایانەی ئەوان هاوشان بە داواکاریەکانی تری کۆمەلگای کوردستان دژ بەگەندەڵی وداوکاری خزمەتگوزاریەکانیتر و داواکانی پەنابەران ویاسای کردوەی سەفەرو پاسپۆرت دەرهێنان و بردنی کوردستان بەرەوە دەولەت لەیەك هەلپێکرێن.

**ئۆکتۆبەر: ئاگادار بوین کە لەم رۆژانەدا پەنابەرە دیپۆرتکراوەکانتان کۆکردەوە لە سلیمانی، ئامانج لەم کۆبوونەوەیە چی بوو؟**

**دەشتی جەمال:** بەلێ رۆژی 19-12 لە شاری سلیمانی پەنابەرە دیپۆرتکراوەکانمان کۆکردەوە و ئامانج لەم کۆبوونەوەیە باسکردن بوو لەکیشەو گیرو گرفتی پەنابەرانی دیپۆرتکراو لە کوردستان و دۆزینەوەی ریگاچاریەکی کارساز بۆبەدواداچوونی خواستەکانی پەنابەران. چەند تەوەرەی گرنگی کیشە و گیروگرفتەکانی پەنابەرە دیپۆرتکراوەکان باسکرا لە وانە ئەو پەنابەرانەی بە زۆر نیراونەتەوە بەگیرفانی خالی پێویستە حکومەتی هەرێم قەرەبوویان بکاتەوە وە یان ئەوانەی لەرێگای رێکخراوی ( IOM) ئارەزوومەندانە گەرینراونەتەوە ئەو کۆمەکەیان وەرنەگرتووە کە بریار بووە رێکخراوی ناوبراو بیانداتێ وە یان کیشەی منداڵەکات کە پەنابەران دوای ئەوەی دیپۆرتکراونەتەوە منداڵەکاتیان لە دوای ی خۆیان جهێشتووە وە یان لە خیزان و منداڵیان دابرێنراوون یان لەکاتی دیپۆرتکردنەوەیان لە فرۆکەخانەی هەولێر پیداویستیەکانیان دیار نەماوە ..

هەر لەم کۆبوونەوەیەدا، قسەو باسی هەمەلایەنە لەسەر ئەو هۆکارانەی لەپشتی سیاسەتی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەرانەوە بریاری لێدراوە خرایە بەر باس و لە گۆشەی جۆراجۆروە تاکید لە سەر خورێکخستنی پەنابەرە دیپۆرتکراوەکان بۆ بەدەستهێنانی خواستەکانیان کرایەوە و لەئەنجا میشدا دەستەیەك لە پەنابەران خۆیان پێك هات بۆ نۆینەرایەتی کردن وبەدواداچوونی خواستەکانی پەنابەران وبەدیهینانیان. شایانی باسە ئەم دەستەیە لە شارو شاروچکەکانی کوردستان نۆینەرایەتی دەکرێت لەوانە سلیمانی،هەولیر ،رانیە ،پشدەرو بتووین.....

**ئۆکتۆبەر: کەوایە دەشتی جەمال چ رێگایەکتان گرتۆتە بەر بۆ بەدی هێنانی داخوازیەکانی پەنابەران؟**

دەشتی جەمال: ئێمە لیستی تەواوی پەنابەرە دیپۆرتکراوەکانو کیشەکانیان و ئەو پەنابەرانەی کیشەی خیزانو منداڵەکاتیان هەیە ئەوانەی رێکخراوی (IOM) ئامادەکردوە لەگەڵ یاداشتێك کەخواستی ئەو پەنابەرانەی تیدایە لەوانە:

* داوا دەکەین تعویز(قەرەبو) بکرینەوەو ئەرزەمان پێبدەن.
* بیمەی بیکاری وەیان کاری گونجامان بۆ پەیدا بکەن.
* ئەو پەنابەرانەی خیزان و یان منداڵیان لەدوای خۆیان جێ ماوە داوا بکرێت لەو وولاتانە کە کیشەکانی ئەو پەنابەرانە چارەسەر بکەن و ئەو پەنابەرانە بەخێزان و منداڵیان ئاشنا بکرینەوە یەك بگرنەوە
* ئەو پەنابەرانەی منداڵەکات وەیان پارەیان لەباقدا بووە وەیاخود لەکاتی دیپۆرتیان لەفرۆکەخانە بەلگەو پیداویستیەکانیان تیا چوو بەدوا چوون بکرێت بۆ وەرگرتنەوەی منداڵەکاتەکانیان.
* رێکخراوی (IOM ) کە لەکوردستان لەسلیمانی و هەولێر نوسنگەیان هەیە داوایان لێبکرێت ئەو برە پارەیەی خراوەتە ئیختیاری ئەو پەنابەرانەی بە ئارەزووی خۆیان گەراونەتەوە پیان بدرێت.

لەم هەفتەیەدا ئەم یاداشتە ئاراستەی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان وپەرلەمانی کوردستانی دەکەین، هاوکات سەردانی قونسلیەی بەریتانیا دەکەین لە هەولێر و نوسینگەی رێکخراوی (IOM بۆ بەدوای چوونی ئەو برە پارەیە هەروەها سەردانی ئەحزاب و رێکخراوە جەماوەری و رۆژنامە ئەهلیەکان دەکەین ئەوانیش پشتیوانیمان لێ بکەن و لە ئاستی دەرەوە بۆ کیشەکانی ئەو پەنابەرانەی خیزان و یان منداڵیان هەیە بەدوای چوون بکەین، دیارە فیدراسیۆن کەمپینێکی هەیە لە دەرەوە دژ بەسیاسەتی دیپۆرت کە لەلایەن وولاتانی ئەوروپا بەرامبەر بە پەنابەران بەرێوە دەچێ.

**ئۆکتۆبەر: پەیامتان چیە بۆ خەڵکی کوردستان و رێکخراوەکان؟چ داوایەکتان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە؟**

**دەشتی جەمال:** پەیامان بۆ خەڵکی کوردستان و کەسوکاری پەنابەران ئەوەیە هاوکاری و پیشتیوانی لەفیدراسیۆن وکارو چالاکیەکانی بکەن فشار بهێنن بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست هەلگرن لە ساتو سەودا بازرگانی بە روولەکانیانەوە ژیانیان لێ تیك نەدەن و داوایان لێبکەن فرۆکەخانەکان نەخنە خزمەت ولاتانی ئەوروپا و پەنابەرانی بەزۆر نیراوە وەرمەگرنەوە.

داوام لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە قاچی خۆیان لەم سیاسەتە چەوتە بهیننە دەرەوە ئەو داواکاریانەی لەسەرەوە باسم کرد وەلام پێبدەنەوە بە عەمەلی جێ بەجێ بکەن و خواستەکانی ئەو یاداشتەی دەستەی نۆینەرایەتی پەنابەرە دیپۆرتکراوەکان وەلام پێبدەنەوە.



# پارتی ڕۆحی هەولێر هەڵدەکێشێت!



**بەشدار علی**

بەو پێیەی هەولێر لە رووی ئیدارییەوە وەکو پایتەختی هەرێمی کوردستان چاویلێکراوە و تاکو ئێستا وەکو موڵك بەتەواوی لە نێوان پارتی و یەکێتیدا یەکلاینەبۆتەوە وەکو دهۆك و سلێمانی،بۆیە بەردەوام هەردوو لا هەموو هێزێکی خۆیان بۆ تەواو مۆنۆپۆلکردنی ئەو شارە بەکارهێناوە و ئامادەی هەموو قوربانیەکن لە پێناوی چوونە پێشەوەی تەنها پرۆژەیەکیان و زیاتر کردنی نفوزیان لەم شارەدا.

پێش رووداوەکەی (31)ی ئابی(1996)یەکێتی هێزی یەکەم بوو لە هەولێر و دەستی گرتبوو بەسەر تەواوی دامودەزگاکانی هەولێر،نەك لەبەرئەوەی بەرنامە و پرۆگرامەکانی یەکێتی خواست و ویستی خەڵك بوو و ئەدای کارکردنی یەکێتی لەگەڵ ئەدای خەڵکەوە هاوتەریب بوو، بەڵکو یەکێتی سیاسەتی (ئەوەی لەگەڵم نیە دوژمنمە)ی پەیرەوکرد و نەیهێشت دەنگێگی جیاوازتر لە دەنگەکانی خۆی بەرزببنەوە و بە هەموو شێوەیەك لە هەوڵی سرینەوەی بەرامبەرەکانی بوو بەتایبەت لە هەولێر، کەسی یەکەمی سەرتاپای دامودەزگاکانی حکومەت لە یەکێتی بوون، بە هەموو شێوەیەك لە هەوڵدابوون بۆ سرکردنی را جیاوازەکانی تر، برسیەتی و نەبوونی و بێکاری خەڵکیان قۆستەوە و بەهەزاران خەڵکیان بە مووچەیەکی کەم مل کەچ کرد، دەیان ڕێکخراو و دەستە و کۆمەڵەیان دوروست کرد کەلە حیزبەکانیان زیاتر سیاسەت و حیزبایەتیان دەکرد، ئەوەشی کە نەیانتوانی وەکو ئەوان قسە بکەن و هەڵسوکەوت بکەن زۆر بە ئاسانی و بە فیتی ئەوان یان لەناوبران یاخود خرانە زیندانەکانەوە، نمونەکان لەم بارەیەوە زۆرن، سەلاح هەورامی تەنها لەبەر ئەوەی لە کۆبوونەوەیەکی فەرمانگاکەی ئامادە نەبوو بە ڕۆژی روناك لە کاتی گەڕانەوەی بۆماڵەوە بە ئاشکرا کوللە بارانیان کرد.

بەڵام دوایی ئەو مێژووە پارتی فریای خۆی کەوت و ئیتر بە ماوەیەکی کەمدا تەواوی هاوکێشەکانی بە قازانجی خۆی گۆڕی و سڵی لە هیچ کارێك نەکردەوە بۆ تۆڵەکردنەوەی لە وون بوونی چەندین ساڵەی لە پایتەخت! لە یەکەمین ڕۆژی گەڕانەوەیان تەواوی پەیکەر و وێنە و نافورەی سەر شەقامەکانیان لە ڕەگەوە هەڵکێشا کە یەکێتی چەندین ساڵ بوو خەریکی دورست کردنی بوو وەکو هێمایەك بۆ هەڵکێشان و تەفر و توناکردنی یەکێتیەکان لە هەولێر، ناوی زۆرێك لە شوێنەکانی گۆڕی کە یەکێتی ناوی نابوون، هەر لە بەڕێوبەری قوتابخانە و بنکەیەکی بچوکی تەندورستی گەرەکێك تا دەگات بە وەزارەتەکان بارگەیان پێچایەوە و پارتیەکان شوێنیان گرتەوە، ئیتر گرتن و خۆشاردنەوە و کوشتن و بڕین و سڕینەوەی یەکێتیەکان لە هەولێر دەستی پێکرد و یەکێتیەکان لە هەولێر قاچاغ بوون و پارتیەکان بوون بە خاوەن ماڵ، پارتی تاکو ئەو ساتەش نانی ئەو رۆژگارە دەخوات لە هەولێر.

دوایی پێکهاتنی پارتی و یەکێتی لەژێر فشاری ئەمەریکا وتموحی دەست کەوتنی زۆرترین سەرمایە لە داهاتی کوردستان و عێراق بە هاوبەشی، هەموو ئاماژەکان پێمان دەڵێن پارتی لە سلێمانی میوانە و یەکێتیش لە بادینان غەریبەیە و هەر دوو لاشیان ئەمەیان براندۆتەوە، بەڵام هەر دوولایان هەولێریان لامەبەستە و بە هەموو شێوەیەك لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنیدان، پارتیش بە حوکمی ئەوەی چەند ساڵە دەسەڵاتی هەیە و کاری تیا کردووە قبوڵی شەراکەت ناکات، بۆیە بۆتە ململانێی نێوانیان و دانیشتوانی شارەکەش زۆرترین قوربانیان لەم نێوەندە بەرکەووتوە.

ئیستا پارتی سەرەکیترین و بەهێزترین جومگەی حوکمرانی بەدەستە گرتوە لەم ڕێگایەوەش هەیمەنەی خۆی بەسەر شارەکەدا راگرتوە، ئەویش لایەنی ئابوری و پرۆژە و بەرنامەی جۆراو جۆری بازرگانیە، بێگومان ئەمەش لەرێگای بەدەستەوەبوونی سەرۆکایەتی حکومەتەوە دەیباتە پێشەوە، بە دەیان کۆمپانیا و کارگە و پیشەسازی بجوکی جۆراو جۆری لە شارەکەدا بەرێوەدەبات و خاوەنی ئەسڵیشی هەر خۆیانن و سوود و قازانجەکەشی دەچێتە گیرفانی خۆیان.

دواین پرۆژەشیان دورست کردنی **(بازاڕی نیشتمانە)** کە بەهۆی کردنەوە و تەواوبوونی ئەو بازارە لە ژێر ناوی ماستەر پلانی شار، زیاتر لە(600) دوکان لە بازارەکانی(شێخەڵلە و حاجی یەحیا و دەلاڵ خانە ...)بەر شالاوی تێکدان و رووخان کەوتن، بەم هۆیەشەوە سەدان کەس بێکار بوون و سەدان منال و خێزانیش نانی رۆژانەیان برا. لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی کەمدەرامەتی هەولێر و کوردستان ناتوانن لەم بازاڕ و سوپەر مارکێتە تازانە کەل و پەل بکڕن، بەمەش گەورەترین زیانیان پێدەگات باری سەر شانیان قورستر دەبێت و گلویە و نارەزایەتیەکی زۆری لای خەڵك و کاسبکاران دورست کردووە.

راستیەکەی ئەوەیە، ئەگەر ئەو بازاڕانە تێك نەدرێت، ئەوا یەکێك لە گەورەترین پرۆژەکانی پارتی و حکومەت کە بازاری نیشتمانە شکست دەهێنێت، بۆیە هەر زوو فریایی کەوتن و لەژێر بەهانەی ماستەر پلانی شارەوە هەموو ئەو دوکان و بازاڕانەیان لە ماوەیەکی کەمدا تەخت کرد و داواشیان لە خاوەن دوکانەکان کرد بچن لە بازاڕی نیشتمان کاسبی بکەن! لەکاتێکدا توانا و ئیمکانیاتی ئەو کاسبکارانە نیە دوکان بە کرێ بگرن لەم بازارە تازەیە،بۆ ئەوەی رۆح و هەناسەدانی بەشێکی تری خەڵکی هەلێر لەژێر کۆنترۆڵی پارتیدا بێت.

بەهەرحاڵ ئەمە نمونەیەکە لە کۆی زۆرێك لە پرۆژەی تر کە پارتی لە ڕێگای دەستبەسەراگرتن و کۆنترۆڵ کردنی لایەتی بازرگانی و ئابوری دەیەوێت هەیمەنە و قورسایی خۆی لە شارەکەدا بمێنێتەوە و هاوسەنگی هێزیش بەلای خۆییدا رابکێشێت، رۆحی شارێك بۆخۆی ببات کە بەرامبەرەکانی چاویان تێبڕیوە.

ئاساییە لە رێگای بەرنامە و پرۆگرام و کاری شارستانی و پێشکەوتوو و پرۆژەی ئینسانی جۆراو جۆردا، بتەوێت نفوز و لایەنگری خۆت زیاتر بکەیت و ببیتە بەهێز، هەر رێکخراو و پارتێکی سیاسیش لە هەموو دونیا ئەوە ئامانجیانە، بەڵام هەرگیز ئاسایی نیە سامان و سەروەت و داهاتی خەڵك و بژێویان لە پرۆژەی بازرگانیەوە بخەیتە گەر لە ژێر ناوی (کەرتی تایبەتەوە)! لەوەش خراپتر خەڵك ناچار بکەیت واز لە پیشەکەی خۆیان بهێنن و لەم(کەرتە تایبەتە)کار بکەن!

ئەمە نەسیاسەتە، نە ململانێی حیزبیە، نە بەرەو پێش چوونی بواری ئابوری و بازرگانیە، بەڵکو قۆرخکاری و مۆنۆپۆلکردنی نان و ئاو و ژیان و رۆح و هەناسەدانی خەڵکە، نقوم کردنی خەڵکە لە نێو بێکاری و نەبوونی و سەرگەردانیدا، پێویستە دەستی لێهەڵگیرێت و رێگە بدەن خەڵکی کوردستان بە ژیان و مەمرەو مەژی لاشەی خۆی راکێشێت.

# "ڕێککەوتننامەی نێوان ئەمریکا و عێراق بەتەواوی لەدژی هەر ئایندەیەکە کەخەڵکی کوردستان بیانەوێت ئازادانە هەڵیبژێرن"

**سەرەنجام دوای کیشەو ململانییەکی زۆر بەرلمانی عیراقی ریکەوتنامەی ئەمنی نیوان دەولەتی عیراق وئەمریکای پەسەندکرد. لیرەدا بۆرۆشنکردنەوەی ناوەرۆك ولایەنەکانی ئەم ریکەوتننامەیەو ئاکامەکانی بۆسەر خەلك وئایندەی کوردستان وهەروەها بۆخستنەرووی لیکدانەوە و هەلویستەکانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان لەسەر ئەم ریکەوتننامەیە بەپویستمان زانی ئەم دیدارە لەگەل هاوری خەسەروسایە ئەندامی دەستەی کارگیری رابەری حزب سازبدەین.**

**بلاوکراوەی ئۆکتۆبەر**

**ئۆکتۆبەر: هاوری خەسرەو هەروەك خۆتان ئاگادارن ماوەیەك لەمەوبەر پەرلمانی عیراقی ریکەوتننامەیەکی ئەمنی لەگەل ئەمریکادا بەپەسەند گەیاند، لەمبارەوە سەرەتای پرسیارمان ئەوەیە کەئەم ریکەوتننامەیە ئاکامی چ وەزعیەتیکە و هەردوولای ریکەوتن نامەکە چ بەرژەوەندییەکی تیدا دەبیننەوە؟**

خەسرەو سایە: ئەم ریکەوتننامەیە بەدوای جەنگیکدا هاتوتەکایەوە کەلەنیوان ئەمریکاو عیراقدا روویدا. جەنگیك جگەلەوەی کەرووداویکی جیهانی بوو وەکاریگەری خۆی بەسەر هاوکیشە سیاسیەکانی دنیادا جیهیشت هاوکات وولاتیکی 27 ملیونی بەیەکجاری کاولکردو سیستەمی سیاسی و ئابووری وتەوازنی نیوان هیزە سیاسیە نیوخۆیی و ناوچەییەکانیشی بردە قواناغیکی تازەوە. دیارە وەك ئەنجامیکی مەنتقی دوای تەواوبوونی هەرجەنگیك لایەنە پەیوەندیدارەکان بەوجەنگەوە دەکەونە ریکەوتنەوە بۆئەوەی هەرلایەك حاسلی جەنگەکە بەپێی قازانج وبەرژوەندی خۆی و سیاسەتیك کەبوویەتی ریك بخاتەوە و موناسەباتیکی تازەش لەشوینی دابنیتەوە. ریکەوتننامەی نیوان ئەمریکاو عیراقیش لەم مەنتقە بەدەر نییە. کەوایە بۆ باسکردن لەئامانجی لایەنەکان دەبی لەپیشدا بگەرینەوە بۆ ئەو ئامانجانەی کەئەمریکا لەپیناویدا عیراق وناوچەکەی میلیتاریزەکرد وپاشان جەنگی بۆ بەرپاکرد.

شەری یەکەمی کەنداو کەبەدوای هەلوەشانەوەی دنیای دووقوتبی عیراقی کردە نیوەندی ئالوگۆریکی جیهانی لەو رووەوە بۆئەمریکا زەرورەتی هەبوو کەبەهۆیەوە دنیا بەپێی ئیستراتیژی نەزمی نوێی جیهانی سازبداتەوە و لەویشدا بالادەستی تاقانەی ئەمریکا بەدنیادا وەك ئامانجیکی سیاسی وئابووری و عەسکەری مسۆگەربکا، بەلام لەئاکامی کیشمەکیشی دەولەتانی ئیمپریالیستی و بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکان و ئەورووداوانەی کەلەم کیشمەکیشانەوە سەریان هەلدا، ئەم ئیستراتیژی وئامانجە نەیتوانی بەسەرئەنجامی مەنتقی خۆی بگاو رۆلی تاقانەی ئەمریکابەسەر دنیاوە بەدیبهینی، بەتایبەتی بەدوای روو داوەکانی ئەفغانستان و هەلکشانی بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی وپاشان رووداوی 11 ی سیپتەمبەر وشەرلەئەفغانستان ودەرگیری لەعیراق و ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست، کەسەرەنجام رۆلی جیهانی وناوچەیی چەندین دەولەتی وەك روسیا، چین، ئەورووپای یەکگرتوو و ئیرانی هینایەپیشەوە و دنیای دەرگای بۆسەرهەلدانی تەقسیماتی نوێ کردەوە، هەموو ئەمانە بەپیویست مۆری شکستی لەئیستراتیژی سیاسی وعەسکەری ئەمریکا وەك هیزیکی بیرەقیب وبی موناقس لیداو بەم مانایەش رۆلی تاقانەی ئەمریکا بەسەر جیهانەوە خستە ژیر پرسیارەوە. یەکیك لەنیشانەو سیماکانی ئەم شکست وناکامیەی ئەمریکا دریژەکیشانی قەیرانی حکومەتی لەعیراق وهەلکشانی رۆلی ئیران ودەخالەتیەتی لەنیو ئەوزاعی سیاسی عیراقدایە. لەبەرامبەر هەموو ئەم واقعیەتانەدا، ئەمریکا بۆ هەستانەوەی ئیستراتیژی سیاسی وسەربازی خۆی و تیپەر کردنی ناکامیەکانی، پیویستی بەمانەوە و میلیتاریزە راگرتنی ناوچەکە وجەنگیکی تر هەیە. بەواتایەکی تر ئەمریکا بۆ چۆکپیدادانی رەقیبە جیهانی وناوچەییەکانی و دووبارە هینانەوە پیشەوەی زەمینەکانی سەپاندنی بالادەستی خۆی بەسەر هاوکیشە سیاسی وعەسکەری وئابوورییەکانی جیهاندا پیویستی بەمانەوەیە لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا. تاجەنگ وپەلاماردانی سەربازی وەك فاکتۆریك بۆ ملهوری وخۆسەپاندن بەدەستەوە بگری وهیزە رەقیبەکانی لەژیر سایەی هەرەشەی جەنگدا رابگری. کەوایە مادام هیشتا جەنگ بۆ ئەمریکا زەرورەتی هەیە، ئەوا ریکەوتن نامەی ئەمنی ئیمکانی جەنگ ومیلیتاریزم لەچوارچیوەیەکی قانونیدا لەدەستی ئەمریکادا دیلیتەوە تا لەفرسەتیکی گونجاودا بۆ رووهینانەوەی ئیستراتیژی خۆی لەدژی دەولەتانی ناوچەکە بەکاری ببات. لالەلایەکی تریشەوە ئەم ریکەوتننامەیە ئەو ئامانجە فەرعیانەش بۆ ئەمریکا زامن دەکات کەلەژیر ناوی پاریزگاری کردن لە"سەروەری عیراق" دا، دەستی دەخالەت گەرانەی ئیران لەعیراقدا کۆتابکات و هیزەکانیشی وەك تەرفیك لەهاوکیشە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی ناوەراستدا رابگری.

بەلام تائەوجیگایەی کەبە ئامانجی حکومەتی مالیکی، وەك تەرفیك لەریکەوتن نامەکەدا، دەگەریتەوە، بەدەستیهنانی حالەتیکی قانونی لەنیو مناسەبات وپەیوەندیە نیودەولەتییەکاندا مەسەلەیەکە بۆ تیپەرین لەقەیرانی حکومەتی ئیستا و گیرانەوەی شەرعیەتی دەولەتییە لەدنیای دوای تەواوبوونی جەنگ وورووخانی حکومەتی بەعسدا. بەتایبەتی ئەم حکومەتە کەخۆی حکومەتی دامەزراوی دوای جەنگەو لەفەراغیکی دەولەتیدا ولەژیر سیبەری هیزەداگیرکەرە دەرەکییەکاندا شکلی گرتووە، هیشتا "سەروەری نیشتمانی" وهەویەتی قانونی نیودەولەتی لەژیر پرسیاردایە.

**ئۆکۆتبەر: ئاکامەکانی ئەم ریکەوتن نامەیە بەگشتی بۆسەر خەلکی عیراق و کوردستان چیدەبیت و تاچەند پەیوەندی بەئەمنیەت و ئاسایشی ژیانی خەلکەوە هەیە؟**

خەسرەو سایە: لەراستییدا ئەم ریکەوتننامەیە بەپیچەوانەی ناوەکەیەوە بۆ ئەمنیەتی عیراق نییە بەلکو بۆ نائەمنکردنی کۆمەلگای عیراق و راگرتنیەتی لەفەزایەکی بەردەوامی میلیتاریزم وجەنگ گرتوودا. ووجودی هیزیکی زەبەلاحی عەسکەری و تەبدیلبوونی عیراق وکوردستان بەپایەگایەکی سەربازی خۆیلەخۆیدا نیازی هەلایسانی جەنگ وپەلاماری سەربازی دەخاتە پیشچاو. هەروەك لەقسەکانی پیشوودا ئاماژەی پیدرا کە زەروورەتی جەنگ حالەتیکی بەردەوام وگۆشەیەکی سەرەکییە لەسیاسەتەکانی ئەمریکادا. ئەم ریکەوتننامەیە کەدان دەنی بەمانەوەی هیزەکانی ئەمریکا لەعیراقدا بەشیوەیەکی قانونی عیراق دەگۆری بۆ پایەگایەکی سەربازی تا ئەمریکا لیوەی سیاسەتە جەنکخوازییەکانی بەرامبەر بەجیهان ودەولەتانی ناوچکە بەریتەپیشەوە، کەدیارە ئەمەش بەمانای راگرتن وبردنی ژیان وچارەنوسی خەلك وکۆمەلگای عیراقە بۆنیو حالەتیکی هەمیشەیی جەنگی. هەرەشەی ئەمریکا لەسەر ئیران وسوریا وناساندنی ئەم دوولاتە بەمیحوەرەکانی شەری دژە تیرۆر دەرخەری ئەوراستییەن کە ئەم ریکەوتننامەیە عیراق دەکاتە مەیدانیك بۆ شەرو پەلاماردانی سەربازی ئەم ولاتانە وراکیشانی خەلکی عیراق وکوردستانە بۆدەورەیەکی تر لەکوشتارو ئاوارەبوون و گرانی وبیکاری و راوەستانی پرۆسەی ئابووری. بەتایبەتی کەخودی ریکەوتننامەکە لەژیر ناوی لایەنی فریاگوزاردا ئەو مافەی داوەتە دەست ئەمریکا وەلامی سەربازی بەو دەولەت وهیزانەبداتەوە کەدەستدریژی دەکەنە سەر "سەروەری ویەکپارچەیی خاکی عیراق".

لەئاستی ناوخۆشدا ریکەوتننامەکە هیزەکانی ئەمریکا دەخاتە پال حکومەتی عیراقی بۆ راوەستانەوە بەرامبەر بەهەرجۆرە بزوتنەوەیەکی شۆرشگیرانەو هەقخوازانەی خەلکی عیراق کەرووی لەگۆرینی دەسەلات و نیزامی سیاسی ئیستای عیراق کردبیت. تەنانەت لەحالەتیکدا ئەگەر خەلکی کوردستان بیانەویت بۆ دیفاع لەخواستەکانی خۆیان کردەوەیەکی پیچەوانە بەحکومەتی مەرکەزی بگرنەبەر، ئەوا ریکەوتننامەکە هیزەکانی ئەمریکا دەخاتە پشت حکومەتی عیراقی بۆ پەلاماردن ولەشکرکیشی بۆسەر خەلکی کوردستان. هەموو ئەوانە ئاکامە زیانبارەکانی ئەم ریکەوتننامەیەن.

**ئۆکتۆبەر: بەپیچەوانەی لایەنە سوونی و شیعیەکان و ناسیونالیستە عەرەبیەکان، ئەحزابی ناسیونالیستی کورد بەگەرمیەوە پیشوازیان لەم ریکەوتننامەیەکرد و وەك لایەنیك بۆ پەسەندکردنی خیرای تیکۆشان، هۆی ئەمەچییە؟ بەواتایەکی تر بۆچی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد بەپەرۆشەوە ئەم ریکەوتن نامەیەی پیشوازی لیکردووە و بەرژەوەندی حزبەدەسەلاتدارەکانی کوردستان لەچیدایە؟**

خەسرەو سایە: ناسیونالیزمی کوردو حزبەکانی هەمیشە بۆگەیشتن بەئامانجەکانیان چاویان لەدرزو کەلینی سیاسەتی دەولەتانی ناوچەکە و ولاتانی ئەمریالیستی بریوە، بەردەوام خەلکی کوردستانیان کردۆتە وەسیلەیەك بۆ جیبەجی کردنی سیاسەت و کارنامەیەك کەبەتەواوی پیچەوانەیە بەخواست و ئاواتەکانیان. بەدیاری کراویش ئەم بزوتنەوەیەو حزبەکانی لەسەرەتای سالی 91 وە خەلکی کوردستانیان کردە پاشکوی ئیستراتیژی نەزمی نوی جیهانی خویناوی ئەمریکا ولەسەروو هەر پرەنسیپیکی ئینسانییەوە خەلکی کوردستانیان راکیشایە نیو جەنگ و سیناریۆیەکی رەش وکۆنەپەرستانەوە. خەلکیك کەسالهای سال لەلایەن حکومەتی درندەی بەعسەوە قەسابی دەکرا و مال وحالی کاول دەکرا، کرایە وەسیلەی قەسابی کردن و سیاسەتی کاولکاری و ئینسانکوژی و برسیکردنی خەلکی عیراق، گوایە لەمریگایەوە بەمافی نەتەوەیی دەگەن!. نیشاندانی ئەمریکا کەخوی هیزیکی جەنگخواز وئەمپریالیستیی وداگیرکەرە بە"فریشتەی نەجاتی خەلکی کوردستان" ریگایەك بوو کەحزبە ناسیونالیستەکانی کوردستان بۆگەیشتن بەفیدرالیزم و وەرگرتنی پلەوپایە و بودجەی چەند ملیاری لەدەولەتی داهاتووی عریاق گرتیانەبەر کەبەتەواوی کۆنەپەرستانە و دژ بەبەرژەوەندیەکانی خەلکی کوردستان بوو. خەلکی کوردستان کەخوازیاری ژیانیکی ئینسانین و دەیانەوین بەئازادی و دورلەستەم وچەوسانەوە و شەرو مال ویرانی بژین، چارەنوسیان بەدیار سیاسەتەکانی ئەمریکاوە راگیرا و بەم هۆیەشەوە ژیانی سەرگەردانی و ئاوارەیی و شەری ناوخۆی نیوان ئەحزابەکان و دەیەها دیاردەی دزیوی تر کرایە بەشیان. میژووی رابردووی 17 سالی رابردووی سیاسەتی خۆگریدانەوەی ناسیونالیزمی کورد بەسیاسەتەکانی ئەمریکاوە کارنامەیەکی رەشو ناهەموار بۆخەلکی کوردستان دەخاتە پیشچاو، لەکاتیکدا ئەوفرسەتە هەبوو کەکوردستان بەدەولەتیکی سەربەخۆ و مەدەنی بگات و ژیانی ئیستاو داهاتووی دانیشتوانەکەی لەبازنەی شەرو کاولکاری و سەرگەردانی سیاسی دەکیشی. بەلام ئیمە دیمان ئەوەی لەسیاسەتی خۆگریدانەوە بەئەمریکاوە قازانجی کردووە تەنها بەرپرسانی حزبە دەسەلاتدارەکانی ئیستای وەك یەکیتی وپارتییە کەپارەوپولیکی زۆریان کۆکردۆتەوە و ژیانیکی فیرعەونیان بۆخۆیان قۆرغکردووە، کەچی لەولاشەوە زۆربەی هەرە زۆری خەلکی کوردستانیان لەنەبوونی و بیکاری و هەژاری دا راگرتووە.

لەمەنتقی تەجروبەیەك کەئەحزابی ناسیونالیزمی کوردەوە کە نیشانیانداوە، ئەەو هەلویستە حەتمی دەبیت کەبەپیر ریکەوتننامەی ئەمنی نیوان عیراق و ئەمریکاوە بچن و پیشوازی گەرمی لیبکەن، چونکە ئەم حزبانە مانەوەی دەسەلاتیان بەسەرخەلك وجودی سەرمایەو ژیانی فیرعەونیان گریدراوە بەمانەوەی هیزەکانی ئەمریکاوە لەعیراقدا، ئەوان کۆکردنەوەی پارەو پول و ئیمتیازاتی سیاسی لەدریژەکیشانی حالەتی جەنگ و کوشتاری خەلکی عیراق وناوچەکەدا دەبیننەوە و بۆشیان گرنگ نییە لەبەدیهینانی ئەم ئامانجانەیاندا خەلکی کوردستان پەلکیشی چ زەلکاویکی سیاسی و مالویرانی دەبیت.

**ئۆکۆتبەر: ئایندەی کوردستان لەژیر سایەی ئەم ریکەوتن نامەیەدا بەکوی دەگات وتاچەند کاریگەری لەسەر خواستی خەلکی کوردستان بۆجیابوونەوە وپیکهنانی دەولەتیکی سەربەخۆ دادەنی؟**

خەسرەو سایە: ئەم ریکەوتننامەیە لەچەند رووەوە ئاکامی زیانباری لەسەر ژیانی ئیستاو داهاتووی خەلکی کوردستان دەبیت، لەپیشیانەوە کوردستان کەوەك "ناوچەیەکی فیدرال" لەسیاسەتی ناسیونالیزمی کورددا پیناسەی بۆکراوە لەنیو فەزای جەنگ ومیلیتاریستی ئەمریکادا رادەگری و خەلکەکەی دەکاتەوە قوربانی ئاکامە ئینسانکوژییەکانی هەر جەنگ و پشیویەکی ئیحتمالی تر لەناوچەکەدا. هەروەك لەقسەکانی پیشوتردا ئاماژەم پیدا کە ئەمریکا هیشتا زەرورە بەجەنگ وپەلاماردان لەناوچەکەدا کەوایە تا ئەم زەرورەتە بمینی ئەوا خەلکی کوردستان لەبەردەم مەترسییەکانی جەنگدا رادەگیری و ئەوەش رۆشنە ئاسەوارەکانی هەرجەنگیك چ بەلایەکی بۆ خەلکی مەدەنی بەدواوە دەبیت.

بەلام لەمەش زیاتر زیانی گەورە لەوەدایە کە ریکەوتننامەکە ئیختیاری بە حکومەتی مەرکەزی داوە کەئەگەر خەلکی کوردستان بۆ خواستی جیابوونەوە وپیکهینانی دەولەتی سەربەخۆ بیتە مەیدانەوە، کەخۆی خواست ومافیکی رەوایە، ئەوە دەبی ئەمریکاو هیزەکانی لەپشت دەولەتی عیراقی رابوەستی و کۆمەکبکات بەلەشکرکیشی دەولەتی عیراق بۆسەرکوردستان، چونکە بەپێی ریکەوتن نامەکە مافی دەولەتی عیراقە کەسەرکوتی هەربزوتنەوە و هەولیك بکات کەیەکپارچەیی خاکی عیراق دەخاتە مەترسییەوە. بەمجۆرەش بەبروای من ریکەوتن نامەی نیوان ئەمریکا و عیراق بەتەواوی لەدژی هەر ئایندەیەکە کەخەلکی کوردستان بیانەویت هەلبژیرن. بەواتەیەکی تر ئەم ریکەوتن نامەیە ئالۆزی وبەربەستیکی گەورە لەبەردەم خواستی خەلکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی و پیکیهنانی دەولەتیکی سەربەخۆ پیکدینی. بۆیە لەناوەرۆکدا دژایەتی هەیە لەگەل ئیرادەی بریاردانی ئازادانەی خەلکی کوردستان بۆ برانەوەی چارەنوس و ئایندەکەیان.

**ئۆکتۆبەر: کەوایە هەلویستی حزبی کۆمۆنیستی کوردستان لەسەر ئەم ریکەوتننامەیە چییەو دەبی خەلکی کوردستان بۆ دورخستنەوەی مەترسییەکانی ئەم ریکەوتننامەیە لەسەریان چیبکەن و لەکویدا راوەستن؟**

خەسرەوسایە: ئاشکرایە کەهاتن ومانەوەی هیزەکانی ئەمریکا لەعیراقدا بۆبەرژەوەندیەکی خودی ئەمریکا

بۆ ل 8

# چەپەکانی عێراق و پرسی کەرکوک

**ئەمەی خوارەوە، دیمانەیەکی ڕادیۆیی هاوڕێ زمناکۆ عزیز ئەندامی هەیئەی تەنفیزی حزبە، لەگەڵ ڕادیۆی نەوا، کەپاشتر لەسایتی هەمان ڕادیۆ بڵاوکرایەوە، ئێمە بۆ ئاشنا کردنی خوێنەران لێرەدا تەواوی ئەو ڕاپۆرتە وەکو خۆی بڵاو ئەکەینەوە. (ئۆکتۆبەر)**

پرسی کەرکوك و ئاسایی کردنەوەی دۆخی ئەو شارە یەکێکە لە کێشە سیاسییە گرنگەکانی عێراقە کە هەریەك لە لایەنە جۆراوجۆرە سیاسی و نەتەوەییەکانی عێراق تێڕوانینی جیاوازیان لەو بارەیەوە هەیەو هەریەك لە روانگەی خۆیەوە هەوڵی چارەسەر کردنی کێشەکەدەدات.

تا ئێستا چەندان لایەنی سیاسی و نەتەوەیی عێراق، پرۆژەی خۆیان بۆ چارەسەر کردنی پرسی کەرکوك خستوەتەڕوو. یەکێك لەو پرۆژانەی کە لەم چەند رۆژەی دواییدا خراوەتە روو و بریار وایشە تەسلیم بە کۆنسوڵگەری ئەمریکاو بەریتانیاو نوێنەری لەکەرکوك بکرێت، پرۆژەی چەپەکانی عێراق بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کەرکوکە.

پرۆژەی چەپەکانی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك هەندێ خاڵی جیاوازی لە گەڵ پرۆژەکانی دیکە هەیەو داوا دەکات دەسەلاتێکی کاتی، بەڕێوەبردنی کەرکوك بگرێتە ئەستۆ بۆئەوەی بارودۆخی ئەو شارە ئارام بکاتەوەو دواتر خەڵك لەڕێگای راپرسییەوە دەنگ لەسەر چارەنووسی شارەکەیان بدەن.

یەکێك لەو خاڵانەی کە پرۆژەی چەپەکانی عێراق، لەگەڵ پرۆژەکانی دیکە هەیەتی ئەوەیە کە ئەو پرۆژە دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆجەماوەری خەڵکو هەوڵ نادات لە ئاستی باڵای سیاسی کێشەکە چارەسەر بکات.

لەپرۆسەیەکدا بیگێڕنەوە بۆ کوردستان جەبهەی تورکمانی بە هەمانشێوە دەیەوێ هەرێمێکی تورکمانی تیادا دروست بکات ناسیۆنالیستە عەرەبو شۆفێنییەکان دیدێکی تریان هەیە لەسەر مەسەلەی کەرکوك، ئێمە دەمانەوێ پرۆژەی چەپ و عەلمانییەکانی کۆمەڵگە بێت قوتبێکی تایبەت بێت لەکەرکوك کەبتوانێ هەرچی هێزی پێشکەوتنخوازو مەدەنی هەیە لەکەرکوك کۆی بکاتەوە وە ئیدارەیەکی کاتی لەکەرکوك کۆبکاتەوەو ئەو ئیدارە کاتییە کۆنترۆڵی شار بکات لەڕووی ئەمنیو خزمەتگوزارییەوە تائەوکاتەی کە فرسەت بدرێ بەخەڵکەکە کە هەناسەیەکی ئارام هەڵمژن. ئێمە لەگەڵ ریفراندۆمدایین بەڵام پاش پێشکەوتنی رەوشی کەرکوك، وەبەڕای من هەموو رێگە چارەکانی تر خەونن ئەمە هەمووی شەڕی بزووتنەوە سیاسییەکانە.

لایەنی گرنگی ئەو پرۆژەیەی کە چەپەکانی عێراق بەمەبەستی چارەسەرکردنی پرسی کەرکوك خستویانەتەڕوو، هەڵویستی لایەنە سیاسیەکان بەتایبەت ئەو چەپانەیە کەچەندان ساڵە لە کوردستاندا بە چەپ ناسراون.

سەبارەت بە تێڕوانینی حیزبی شیوعی کەسانێکەوە خراونەتەڕوو، کە لەدەرەوەی عێراق بوون. بەلام پرۆژەی چەپەکانی کوردستان یەکێك لەو پرۆژانەیە کە لەناوخۆی کوردستان و عێراقەوە خراونەتەڕوو، بۆیە بە شێوەیەکی سروشتی جیاوازییەکی تێدا بە دیی دەکرێت.

سەبارەت بە لایەنە جیاوازەکانی ئەو پرۆژانەی کە لایەنە سیاسیو نەتەوەییەکانی کوردستانو عێراق بۆ چارەسەرکردنی پرسی کەرکوکو بەتایبەت پرۆژەی چەپەکانی عێراق زیرەك کەمال لە لێدوانێکدا تایبەت بەنەوا وتی:

هەر پرۆژەیەك کەدەخرێتە روو، بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەك بۆی هەیە لەڕووی



کۆمەڵێ بڕگەو مادەوە جیاوازییەکی جۆراوجۆری هەبێت، مادام ئامانجی سەرەکی چارەسەرکردنی کێشەکەیە بمانەوێ و نەمانەوێ هەوڵەکان دەچنەوە چوارچێوەی یەك. دوو لەبەرئەوەی جیاوازی پرۆژەی چەپەکان لەگەڵ پرۆژەی دیمستۆرا و لایەنەکانی تری دەرەکیدا لەوەدایە کەچەپەکانو پێشکەوتوخوازەکان خەڵکی ئەم وڵاتەن لەسەر بنەمای کۆتایی هێنا بۆ کێشەی گەلەکەی ئەو پرۆژەیە دەخرێنە روو، بەلام پرۆژەی دیموستۆراو هەر پرۆژەیەکی تر ئەوەندەی لەهەوڵی ئەوەدایە خۆی رازی بکات کەمتر لەهەوڵی ئەوەدایە لایەنی بەرامبەر رازی بکات.

لایەنی هەرە گرنگی ئەو پرۆژانەی کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك دەخرێنەڕوو، رەچاوکردنی هەموو لایەنەکانی بارودۆخی کەرکوکو ئاسۆ و ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەکەیە.

لەبارەی ئەو پرۆژانەی کە لایەنە جۆراوجۆرە سیاسییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك دەیخەنە روو، ئەکرەم میهرداد نووسەرو رۆشنبیر لە لێدوانێکدا تایبەت بە نەوا وتی:

بۆ پاککردنەوەی وەزعی کەرکوك دەبێت ئەم شتانە بکرێ، یەك: دەبێ سەرکردایەتی کوردی یان نوێنەری حکومەتی هەرێم مەسەلەی مادەی 140 تازە بکاتەوە وە بۆ دواجاریش بێتو سەقفی دەستوریشی دیاریکراو بێت، دوو: ئاسایی کردنەوەی کەرکوك لێپرسراوێتی سەرشانی هەردوو لایە هەم لایەنی کوردی هەم لایەنی عیراقی، سێ: من بڕوام بەوە هەیە کەشتێ لەکەرکوکدا بکەین ناوی بنێین کۆنگرەی کەرکوك نوێنەرانی کەرکوك هەم سیاسییەکان هەم رۆشنبیرەکان هەم کۆمەڵایەتییەکان هەم تەوائیفە دینییەکان گۆنگرەیەك بکەن ئەوان بڕیار بدەن کەرکوك ئاسایی بکرێتەوە ئاسایی کردنەوە بەو مانایەی کەمەسەلەی تەرحیلو راگواستنو ئەو شتانە ئاسایی بکرێتەوەو خەڵکەکەش قەرەبوو بکرێتەوە.

پێویستە ئەو گرژیو ناڵەبارییەی لەنێوان نەتەوە جیاوازەکانی ئەو شارەدا هەیە نەهێڵرێت تا رەوشی کەرکوك بەرەو ئاسایی بوونەوە بڕوات

ماوەتەوە بڵێن، کێشەی کەرکوك کێشەیەکی ئاڵۆزەو هەر لایەنێکی سیاسی لەلایەن خۆیەوە هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات. بەلام

## زمناکۆ عزیز: ئێمە دەمانەوێ پرۆژەی چەپو عەلمانییەکانی کۆمەڵگە، قوتبێکی تایبەت بێت لەکەرکوك کەبتوانێ هەرچی هێزی پێشکەوتنخوازو مەدەنی هەیە لەکەرکوك کۆیبکاتەوە

سەبارەت بە پرۆژەکەو ئامانجەکانی زمناکۆ عەزیز ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە لێدوانێکدا تایبەت بە نەوا وتی:

پرسی کەرکوکو ئاسایی کردنەوەی دۆخی ئەو شارە یەکێکە لە کێشە سیاسییە گرنگەکانی عێراقە کە هەریەك لەلایەنە جۆراوجۆرە سیاسیو نەتەوەییەکانی عێراق تێڕوانینی جیاوازیان لەو بارەیەوە هەیە و هەریەك لەڕوانگەی خۆیەوە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکە دەدات. تا ئێستاچەندان لایەنی سیاسی و نەتەوەیی عێراق پرۆژەی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی پرسی کەرکوك خستوەتەڕوو. یەکێك لەو پرۆژانەی کە لەم چەند رۆژەی دواییدا خراوەتەڕوو و بڕیاروایشە تەسلیم بە کۆنسوڵگەری ئەمریکاو بەریتانیاو نوێنەری لەکەرکوك بکرێت، پرۆژەی چەپەکانی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوکە.

سەبارەت بە پرۆژەکەو ئامانجەکانی زمناکۆ عەزیز ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، لە لێدوانێکدا تایبەت بە نەوا وتی: هەموو حزبەکان لەعیراقدا پرۆژەیان هەیە لەسەر مەسەلەی کەرکوك وە هەتا بەقسەی ئەو چاودێرە سیاسییانەی کە بەوردی موتابەعەی کەرکوك دەکەن ئیعتیباری دەکەین بەبەرمیلێ باروت لەسەر ئاگر، کەتەقینەوەیەك لەکەرکوك رووبدات یەکێکە لەهەرە کارەساتە گەورەکان کە لەدوای رووخانی بەعسەوە کە لەعیراقدا روویدات، دیمستۆرا خاوەنی پرۆژەیەکە ئێستا خەریکە هێزی بۆ کۆدەکاتەوە لیستی هاوپەیمانی پرۆژەیەکیان هەیە کەرکوك بەکوردستانی لەقەڵەم دەدەن و دەیانەوێ

کوردستان لەبارەی پرۆژەی چەپەکانی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك زیرەك کەمال ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی کوردستان، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ نەوا وتی: ئەو پرۆژەیەی کەوا خراوەتەگەڕ لەلایەن ناوەندو کۆمەڵێ لایەن بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەی کەرکوك هەوڵێکی مرۆڤانەیە، کێشەی کەرکوك کێشەی ئینسانەکانە نەك هەر کورد بەڵکو کێشەی کۆمەڵی نەتەوەیە، دیموکراتیخوازان و مافدۆستان و چەپ پێشکەوتنخوازو سۆشیال لەهەر کوێیەکی دنیا بن کێشەی کەرکوك بەکێشەی خۆیانی دەزانن وە هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەن. حزبی سیوعی کوردی وای دەبینێ کە یەك لەهەوڵە بنەڕەتییەکان بۆ پارێزگاری کردنی کێشەی کەرکوك قەناعەت پێکردنی پێکهاتەکان و

## زیرەك کەمال: دیموکراتیخوازان و مافدۆستان و چەپ پێشکەوتنخوازو سۆشیال لەهەر کوێیەکی دنیا بن کێشەی کەرکوك بەکێشەی خۆیانی دەزانن وە هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەن

نەتەوەکانی تری شاری کەرکوکە کەئێمە بەیەکەوە لەو شارە دەتوانین چارەسەری کێشەکانمان بکەین .

کاتێك دەبینین تا ئێستا چەندین پرۆژەی جۆراوجۆر بۆ ئاسایی کردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك خراوەتەڕوو و بەشێکی لەو پرۆژانەش لەلایەن

دەکرێ بڵێن باشترین رێگاچارە ئەوە پرۆژەیە کە بتوانێت رەچاوی لایەنی کۆمەڵایەتیو نەتەوەییو سیاسی کەرکوك بکاتو پرۆژەیەك بێت کە لە واقیعدا پراکتیزە بکرێتو ببێتە هۆی ئەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی کەرکوك بتوانن بە ئاشتی و ئارامی لەگەڵ یەکتر ژیان بکەن.

# پرۆژەی گۆڕان ...یان - تەفرەدان...!

## (سەبارەت بە پرۆژە نوێ یەکەی تاڵەبانی بۆ جیاکرنەوەی دەسەلاتی حزب لە حکومەت)

موزەفەر عەبدوڵا
Mozafar_as@yahoo.com

ماوەی چەند هەفتەیەکە جەلال تاڵەبانی ،سکرتێری گشتی یەکیتی نیشتمانی، کەوتۆتە جەولەی مەکوکی لە شارەکانی سلیمانی و کەرکوك، چاوی بە بەرپرسانی جۆراوجۆر کەوتوە، بە تایبەتی بەرپرسانی خودی یەکیتی.هاوکات کۆبونەوەی بە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و زۆریك لە کادرانی یەکیتی کردوەو **پرۆژەیەکی خستۆتە بەردەمیان بەناوی: پرۆژەی گۆران و نوی بوونەوە ،گوایە بۆ جیاکردنەوەی دەسەلاتی حزبە لە حکومەت.** بە قسەی هەندێك لە ئەندامانی سەرکردایەتیان باسی ئەم پرۆژەیەی لەگەڵ بارزانیش کردوە. هەر لەم بارەیەشەوە دەزگای راگەیاندنە جۆراوجۆرەکانیان هان داوە کە تا ئەتوانن گێژەڵوکە بەرێ بخەن بۆ خۆڵ کردنە چاوی خەڵکی نارازی کوردستان، بە تایبەتی گروپ و کوتلە نارازییەکانی نیوان خۆیان .لەم بارەیەوە نەك هەر قەڵەم بەدەستە موچە خۆرەکانی سەر بە باڵی تاڵەبانی کەوتونەتە خۆڵەتەبانێ بەڵکو ئەم خۆڵەتەبانێ ساز کردنە قەڵەم بە دەستەکانی رەوتی بەناو چاکسازی و پاکسازی نەوشیروانیشی گرتۆتەوە .

لیرەدا پیویست ناکات بۆ دەرخستنی ناوەرۆکی ئەم کەمپەینەی ئەمجارەی تاڵەبانی و یەکیتی ئاماژە بە چاوپیکەوتنی ئەندامانی سەرکردایەتی و بنکردایەتی و نوسینی هیچ کەسیکیان و هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندنیان بکەین. بەڵکو تەنها لەم نوسینە کورتەدا ئەوەندە بەسە ناوەرۆکی بێ ناوەرۆکی ئەو پرۆژەیە دەرخەین ،هەرچەندە بە قسەی خودی ئەندامانی سەرکردایەتیان، تاڵەبانی خۆی هیشتا پرۆژەکەی بە پوختی نەخستۆتە بەردەمیانەوە کەچی هەر لەئێستاوە هەمویان بە دەنگی دوری دەهۆڵەکە کەوتونە شایی و هەڵپەرکێ.

بەڵام بە پێچەوانەی شایی و هەڵپەرکێی سەرکردایەتی و بن کردایەتی و دەستەو کوتلە نارازی یەکانی ناو یەکیتی، خەڵکی نارازی کوردستان بە گشتی و ئەوانەی ژێر دەسەلاتی یەکێتی بەتایبەتی، هیچ خۆشباوەری یەکیان بەم پرۆژانە نەماوەو لەم چەند ساڵەدا تاڵەبانی ئەوەندە پرۆژەی وای پێشنیارکردوە ، خەڵکی باش دەزانن کە ئەم پرۆژەیەش نەك هەر پرۆژەیەك نی یە بۆ گۆران بەڵکو پرۆژەیەکە بۆ تەفرەدان.وە خۆشبەختانە وەك ئاماژەم پێدا خەڵکی هیچ گومانییان نیە و، ئەوانەی کە هیشتا تەفرە دەخۆنو خۆشخەیاڵن بەو پرۆژانە دەستەو کوتلەو ئەندامە نارازی یەکانیان ئیتر هەر لە رەگەوە بگرە تا ریشاڵیان.

لیرەدا بە پیویستی دەزانم هەڵویستەیەك لەسەر ئەم بۆچونەی خۆم بکەم و بریك روونی کەمەوە بۆ ئەندام و لایەنگرانی نارازی یەکیتی کە تا ئیستا خۆشباوەرو خۆشخەیاڵ و تەفرەیان خواردوە بە سیاسەتەکانی تاڵەبانی و یەکیتی .

کە دەڵیم ئەم پرۆژەیەش وەك هەموو پرۆژەکانی تر بۆ تەفرەدانە نەك بۆ گۆرانە، گرفتەکە ئەوەیە کە ئەحزابی سیاسی لە چەشنی یەکیتی و پارتی هەرگیز گۆران هەڵناگرن. چونکە بە کورتی ئەمانە حزبی سیاسی مۆدیرن نین بە هەموو پیوەرە سیاسی و کۆمەڵایەتی یە هاوچەرخەکان.هەی کاش ئەمرۆ ئیمە لە کوردستاندا یەکیتی و پارتیمان وەك دوو حزبی سۆسیال دیموکرات و لیبرالی ئەوروپا بدیتباو مامەڵەیان لەگەڵ کۆمەڵگا کردبا. تەنانەت ئەو قەوارە بەتاڵەی کە خۆیان ناویان نا پەرلەمان و حکومەت زۆری نەخایاند شەقیکیان تی هەڵداو پاش چەند ساڵ لە شەرو خوین رشتن ئینجا لەسەر دابەش کردنی کورسی یەکان ریککەوتن .بۆیە ئەمانە نەك حزبی سیاسی نین بەڵکو کۆمەڵی چەکداری ملیشیاین، هەروەك ملیشیاکانی زۆر وولاتی تر، بە تایبەتی وولاتانی ئەفریقیا.دەنا ئەگەر وا نەبونایە چۆن ئیستا دوای نزیك بە 18 ساڵ لە دامەزراندنی ئەو قەوارەیەی ناویان نا پەرلەمان و حکومەت ئیستا دین و پرۆژە دادەرێژن و پیشنیار دەکەن تا بریك دەسەلاتی حزبەکانیان لە پەرلمان و حکومەت و بەناو دامەزراوەکانی جیا بکەنەوە بە ئومیدی ئەوەی بتوانن نارەزایەتی خەڵکی بریك کەم کەنەوە.بە راستی ئەمانە خۆیان چونکە کۆمەڵێ سەرۆك عەشیرەت و خیڵن _کە هەر لە نازناوەکانیان دا دیارە_و هەڵگری بیرو ئایدیۆلۆژی و سیاسەت و کەلتوری خیڵو عەشیرەتگەرین ،وە هەمیشە خەریکی زیندو کردنەوەی ئەوانەشن. بۆیە ناتوانن مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنی و دیاردەکانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی وەك کوردستان بکەن.ریشەی مەسەلەکە لەوەدایە کە ئیتر ئەو سەردەمە بەسەر چوو کە ناسیونالیزم و حزبەکانی بتوانن هەڵسوکەوت و مامەڵە بکەن لەگەڵ کۆمەڵگایەکی مەدەنی دا.دیارە ئەمە نەك هەر لە کوردستاندا وایە بەڵکو لە هەموو جهاندا هەر وایە، بە تایبەتی وولاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست. زەقترین نمونەیان فەلەستینە بزانە چۆن خەڵکی بەشمەینەتی فەلەسیتن بۆنەتە قوربانی رەوت و حزبە ناسیونالیستی و ئیسلامی یەکانی فەلەستین.تا ئەو جیگەیەی دەگەریتەوە بە ئەوروپاوە ئەوە ئاکامی رەوتی روو لە پیشی کۆمەڵگاو کیشەو ململانی بابەتی یەکانی هەلومەرجیکی دیاریکراوی سەردەمیك بوو ،تەنانەت ئەم رەوتی روو لە پیشییەی کۆمەڵگایە هەتا دەیەی یەکەمی سەدەی بیستیش ،لەو وولاتانەی کە هیشتا شیوە بەرهەم هینانی سەرمایەداری و سیستەمە سیاسی یەکەی نەببو بە باو ،و هیشتا دەرەبەگایەتی بوو، ئەوە واقعی بوو، وە بزوتنەوەی ناسیونالیستی هەڵگری پەیامیك بوو. بی گومان ئەویش بە ووتەی لینین بە رارایی.بەڵام لەگەڵ هەڵگیرسانی شەری یەکەمی جهانی و کۆتایی هاتنی و سەرلەنوێ دابەش بوونی جهان لە نیوان دەوڵەتە زلهیز و جەمسەرەکانی جهان ئیتر خۆری بزوتنەوەی ناسیونالیستی ئاوابوو،وە کۆتایی بە پەیامە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی یە نوی یەکەی هات. هەر بۆیە بە بروای من داگیر کردنی ئەم

> **تاڵەبانی خۆی هیشتا پرۆژەکەی بە پوختی نەخستۆتە بەردەمیانەوە کەچی هەر لەئێستاوە هەمویان بە دەنگی دوری دەهۆڵەکە کەوتونە شایی و هەڵپەرکێ!!**

وولاتانە لە لایەن ئیمپریالیزمی جهانی_وەك بالاترین قۆناغی سەرمایەداری _ یەوەو کۆتایی هاتنی دوا ئەمپراتۆری دەرەبەگی ئیسلامی عوسمانی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، لەویوە ئیتر کۆتایی بە شۆرشە بۆرژوازی یە نیشتمانی یەکان لە ژیر ئاڵاو دروشمە نەتەوایەتی یەکان هاتو تەنانەت ئەوانەی کە پیێیان وابوو و وایە،کە رووداوو کۆدەتای ساڵی 1958 ی عیراق لەسەر دەستی قاسم شۆرش بوو ئەوانە هەمویان ،تا کەڵە میژونوسەکانیشیان ، رواڵەتی رووداوەکانیان بینیوە. وە هەمویان لە چوارچیوەی دیدوبۆچونیکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی کە لەو سەردەمە باو بوەو هەژمونی هەبوە کۆمەڵگاو دیاردەکانیان بینیوەو لیکداوەتوە.

جا لەم کورتە لیك دانەوەیەوە بە مەنتقی دەگەین بەوەی کە ئیتر هەر کەسیك چاوەروانی ئەوە بیت یەکیتی و پارتی و هەموو حزبە وردو درشتەکانی بزوتنەوەی ناسیونالیستی گۆران لە خۆیان و لەناو کۆمەڵگا دەکەن _گۆران بەو چەمك و گوتانەی کە پیشکەوتنخوازانەو ئازادیخوازانە بیت_ ئەوە جگە لە خۆشخەیاڵی و خۆفریودان زیاتر هیچی بۆ نامێنێتەوە. هەڵبەت من مەبەستم ئەوە نی یە کە تاڵەبانی و سەرانی حزبە قەومی یەکان، خۆیان تەفرە دەدەن، نەخیر! ئەوان خۆیان تەفرە نادەن و هەر ئەوەن کە هەن. بەڵام بە ووتەی لینین بۆرژوازی لە هەموو جهان بە دوو شیوە دەسەلات بە ریوە دەبات، بە شیوەی سەرکوتگەری رەهاو و بە شیوەی پرو پاگەندەو تەفرە دان.هەڵبەت یەکیتی و پارتیش بە پلەیی یەکەم وەك ووتم مەبەستیان تەفرە دانی خەڵکی نارازی یە، چونکە باش دەزانن ئەمرۆ خەڵکی کوردستان، بە تایبەتی لە دوای رووخانی رژیمی بەعسەوە، چەند نارازین لە دەسەلاتیان. دەنا تاڵەبانی و بارزانی کەمتر لە ریزە نارازیەکانی خۆیان دەترسن. چونکە کەس بە قەد تاڵەبانی نەوشیروان ناناسێ.ئەو ئەزانی کە نەوشیروان نەك لەمەی تاڵەبانی باشتر بۆ خەڵك ناکات، بەڵکو خراپتر دەکات.

بی گومان ناکۆکی کوتلەکانی ناو یەکیتیش لەسەر ئەوە نیە کە خەڵك بی بەش و بی ماف و بەمەش نارازین.راستە دەیانەوی سود لە نارەزایەتی خەڵك وەرگرن بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان هەروەك چۆن جولانەوەی قەومی و حزبەکانیان کەڵك وەردەگرن لە ستەمی قەومی، ئاواش ئەوان نارەزایەتی و شەریان لە ناو یەکیتی لەسەر ئەو پارەیەیە کە بە گەندەڵی و دزی و راوو رووت کۆ بۆتەوە .چونکە ئەو هەلومەرجەی ئەمرۆ لە کوردستاندا هەیە هیچ پەیوەندی یەکی مەنتقی نی یە بەو قانونمەندیانەوە کە لەسەر ئاستی جهان ئابوری سەرمایەداری و بازاری ئازاد بەریوە دەبن. وە ئەمە خودی سەرمایەداریکی کوردستان و هەر کەسیك کە بریك وشیاری هەبیت درك بەمە دەکات .لە واقعدا کەڵەکە بونی سەرمایەو، پارە ، بە وینەی شکڵیك *لە دەرکەوتەکانی سەرمایە لە پرۆسەیەکی ئاسایی و نۆرماڵی وەك ئەوەی کە لە زۆریك لە وولاتانی دونیا بە تایبەتی ئەوروپا بەریوە دەچیت شیوازی خۆی وەردەگریت* .

بۆیە دڵنیام کە خەڵکی نارازی کوردستان بەم پرۆژانە تەفرە ناخۆن.وە ئەمە لە خواست و داواکاری و دروشمی نارەزایەتی یەکانی خەڵکی کوردستان بە هەموو تویژەکانی یەوە دیارە.ئیتر هەر لە کریکاران و بیکارانەوە بگرە تا دەگاتە قوتابیان و لاوان و ژنان و دەستفرۆشان ...هتد .

بەڵام بە داخەوە گرفتی خەڵکی، وەك ووتم ، نە خۆشخەیاڵی و نە تەفرە خواردنی خەڵکە بە پرۆژەکانی تاڵەبانی و سیاسەتی ئەمانە، بەڵکو هەموو کیشەی خەڵکی لە نەبونی رابەرییەکی سیاسی _کۆمەڵایەتی بەرجەستەو ئامادەی خەڵکە.بۆیە بەدی هینان و فەراهەم کردنی ئەم رابەری یە بەرجەستەو بەردەستەی خەڵکی یە،ئەرکی کۆمۆنیستەکان و حزبی کۆمۆنیستی کریکاریە بۆ ریکخستن و رابەری کردن و ئاسۆدار کردنی بزوتنەوە نارەزایەتی یەکانی خەڵکی کوردستان و کۆتایی هینان بەو هەلومەرجە سیاسی و کەمەڵایەتی وئابوری یەی کە لە سایەی دەسەلاتی ئەم دوو حزبەو هاوپەیمانە قومی و ئیسلامی یەکانیان هاتۆتە دی بۆ گۆرانی ریشەیی یەکجاری. .

کۆتایی دیسمبری 2008

# حەقیقەتی هۆڵۆکۆستی هەڵەبجە کەتمان ناکرێت!

حەمە غفور
hamaxafoer@yahoo.com



بیست ساڵ بەسەر هۆلۆکۆستی شارۆچکەی هەڵەبجەدا تێپەڕی بەڵام مەخابن هێشتاش هەوڵەکان بۆ کەتمانکردنی حەقیقەتی ئەم کۆکوژیە پڕ تراژیدیاو کارەساتبارە، داستانی ئەم تاوانە گەورەیە لە دژی ئینسانیەت هەر بەردەوامە. ئینسافو دادپەروەریی لەکوێ خەویان لێکەوتووە!؟ پاش دوو دەهە هێشتا چەندین پرسیاری سەرەکی لەناو ئەم کۆستە مرۆڤایەتیەدا بێ وەڵام ماونەتەوەو لەگەڵ هەر هەناسەیەکدا زەنگی ئەم پرسیارانە سەدان هەزار دڵو دەرونو سینەی پڕ لە داخو پڕ لە تاسە بە شاڵاوی ناسۆرێکی دەروونی گورچکبڕ ڕائەچڵەکێو ئازارێک گێنگڵ ئەدات؛ هەڵەبجە بۆچی نغرۆ کرا؟! بۆچی چەکی جەرسومیو هەموو جۆرەکانی چەکی شیمیاویو ژاربارانو ژارهەڵمژین بە بەرچاوی دنیاوە بەسەر هاووڵاتیانی سڤیل، منداڵ، ژن، پیرو پەککەوتەو گیاندارو پەلەوەرو تەنانەت ڕوەکو دارو درەختی ئەم شارەو ئەم ناوچەیەدا تاقیکرایەوە؟! لە هەمووشی جەرگبڕتر خەفەکردنو بێدەنگە لێکردنیەتی لە ئاستی جیهانیدا ئێستاشی لەگەڵ بێت.

سەرچەشمەو ئەندازیاری پاکتاوکردنو هۆلۆکۆستێکی دڵڕەقانەی وەکو هەڵەبجە ئەبێ لەکوێوە هاتبێ وە کێ لێی بەرپرسیار بێت؟! ڕاستە جەنگ خۆی لە خۆیدا ئەگۆڕێ بۆ سەرچەشمەی دڵڕەقیو ژیان ئەکاتە قەترانو مرۆڤایەتی تیایدا ئەبێتە قەقنەس، ووڵات ئەکاتە کارگەی بەرهەمهێنی ئیلهامی دراما دوای دراماو مرۆڤی سڤیل بە شێوەیەکی ئەفساناوی خۆی ئەگۆڕێت بۆ ئەکتەری ساردو سڕو غەریب و بێئیرادە لەسەر شانۆی واقع! نمایشکارو بینەر هەر خەڵک خۆیان ئەبن! بەڵام جەنگ بۆ هەڵئەگیرسێو کام بەرژەوەندیو قازانج ئەیبزوێنێت؟ کێو چۆن داینەمۆکانی شکڵپێیئەدرێو بەگەڕئەخرێن هەتا پۆل پۆل، دەستە دەستەو کۆمەڵ کۆمەڵ مرۆڤ، هەم خۆیان ببنە ئینێرژیو سوتەمەنی هەڵسوڕانی شێتانەی ماشێنی جەنگو شەڕەنگێزی، وە هەر خۆشیان ببنە بکەر ئینجا ببنە نێچیرو قوربانیو سەدان هەزاریان لێ بهاڕێت؟! جیهانی ئەمڕۆ، جیهانی سولحو سەفاو گۆڕانکاری، دنیای پاش کۆتایی جەنگی دوقوتبی، جیهانی سەرکەوتنی دیموکراسیو هاتنەئارای نەزمی نوێی جیهانو بانگەشی خەمساردی مافی مرۆڤ، نەک هەر جورئەتی نەکرد پێ بە جەرگیدا بنێو دان بە ئەسڵو سەرچاوەی شکڵگرتنی هۆلۆکۆستی هەڵەبجەدا بنێ، بەڵکو بێئەندازە ترسنۆکانەو لە هەمان کاتیشدا دڵڕەقانەو بێشەرمانە گەرەکیانە بەلایدا تێپەڕنو بە بەر چاومانەوە خەریکن کەتمانی حەقیقەتی ئەم کۆکوژیە بێوێنەیە بکەن.

دەوڵەتی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی بوشی باوک ساڵی 990 یەکەم ئەڵقەی سیناریۆی کەتمانکردنی ئەم حەقیقەتەی چەماندەوەو بە ناوی بەرپاکردنی نەزمی نوێی دیموکراسیو مافی مرۆڤەوە گەورەترین مانۆڕی تەحەڕوکی زۆرترین هێزی سەربازیو چەکوچۆڵو جبەخانەی میلیتاریزەکردنی ناوچەی خۆرەڵاتی ناوینی خستەڕێ گوایا بۆ ڕزگارکردنی کوێت. خەڵکی عێراقو کوردستان بە مژدەی هەڵکردنی شنەبای دیموکراسی مەست کراو کارەساتەکانی جەنگی هەشت ساڵەی عێراق-ئێران بوون بەژێرەوە. ئیبادەی بەکۆمەڵی خەڵکی هەڵەبجە هێندەی نەمابوو لەبیربچێتەوە! بەڵام کاتێک خەڵکی ستەمدیدەی عێراقو کوردستان دەرفەتی هەناسەیەکیان چنگ کەوت پەلاماری ڕژێمی هاری سەدامو بەعسیەکانیان داو گورزی گەورەیان لێ وەشاندن، ئەمریکا چرای سەوزی بۆ ڕژێمی بەعس هەڵکرد هەتا دەسباکتەوە بە سەرکوتکردنی دڕندانەی هەڵچوونە جەماوەریەکانی خەڵکی کوردستانو خوارو وە ناوەڕاستی عێراق.

دواتریش بوشی کوڕ لە ژێر ناوی لەناوبردنی چەکی کۆکوژی ڕژێمی سەدامدا هێزی گەورەی سەبازی بزواندو هێرشی داگیرکاری عێراقی دەسپێکرد. بەڵام کاتێک کایەکەی ئەمریکا بە گەڕانەوەی عێراق بۆ سەد ساڵ پێشتر کۆتایی هاتو شکستی سیاسیو ستراتیژی ڕاگەیاند وە دەستیان کەوتەڕوو، بینیمان چۆن جۆرج دەبلیو بوش پەشیمانیو هەڵخەڵەتاوی خۆی سەبارەت بە چەکی کۆکوژی سەدام ڕاگەیاند! جەنگی ئەمجارەی ئەمریکا لە عێراق گەورەترینو گرنگترین دۆکومێنتو سەرچاوەی تاوانکاریەکانی جەنگو کۆمەڵکوژیەکانی سەدامو ڕژێمەکەی، یانی خودی سەدام حسێنی تاوانباری لە دادگایەکی کارتۆنیدا ئیعدام کردو بەمشێوەیە کەسایەتیەکی هەرە بنەڕەتی لە تاوانی هەڵەبجەو ئەنفالی لەناوبرد.

ئێستاش کە پرۆسەی کارتۆنی دادگاییکردنی سەرانی تاوانکاری ڕژێمی بەعسی لەناوچوو وەکو ئەڵقەیەکی تری سیناریۆ فریوکاریەکانیان دەسپێکردۆتەوە، تاوانبارێکی گرنگی تری دۆسێی هەڵەبجە، یانی (تاریق محمد ڕەمەزان) کە فرۆکەوانێکی ڕژێمی بەعس بووەو بەشداریکردوە لە بۆمبارانی شیمیایی شاری هەڵەبجەدا لە زیندانی ئاسایشی گشتی سلێمانی ڕایکردووە!

بەڵام هەموو ئاماژەکان ئەو ڕاستیە پشتڕاست ئەکەنەوە کە دەسەڵاتی کوردیو حیزبەکانی یەکێتیو پارتی وەکو چۆن (نزار خەزرەجیو وفیق سامرائیو سوڵتان هاشم) و دەیان تاوانباری تری بەشداربووی کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفالیان بەبێتاوان لەقەڵەمداو داڵدەیان دان یان هاوکاریان کردن بۆ چوونەدەرەوەی ووڵات، هەرواش (تاریق محمد ڕەمەزان)یان ئازادکردووە لە پێناوی داپۆشینی ڕاستی داستانی هۆلۆکۆستی شاری هەڵەبجەدا. ئەگەر لە لێدوانەکەی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی سلێمانی ووردبینەوە کە بۆ ڕادیۆ نەوا داویەتی، بە ئاشکرا ئاماژە بۆ دەسەڵاتو خواستێکی باڵاتر لە ئاسایش دەکات کە لەپشتی ڕاکردنی فڕۆکەوانەکەوەیە. ئەو دەڵێ؛ ئەو ڕووداوە پەیوەندی بە ئێمەوە (واتە بە ئاسایشەوە) نیە! کەواتە دەسەڵاتی سەرووتر بە ئامانجەوە ئەو کارەی ئەنجامداوە. دەنا ئەگەر یەکێتیو پارتی مەسەلەی بەلاداخستنی دۆسێی هەڵەبجەیان مەبەست بێت چۆن تاوانبارێکی موهیم بۆ ئەو دۆسێیە بەئاسانی لە زیندان هەڵدێت!

ڕوخساری خەمۆکیو کارەساتباری خەڵکی هەڵەبجە، نارەزایەتیەکانیان لە 16ئازاری هەموو ساڵێکداو بەتایبەت ئەوەی 2006 کە درانە بەر دەسڕێژی چەکەکانی ئاسایشو پۆلیسی یەکێتیو حکومەت، هەتا دەگات بە بەدەستەوەگرتنی دۆزی کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفالی گەرمیانو ناوچەی بەرزان بۆ خۆهەڵخستن وەکو بەرەی زوڵملێکراو لە مەسەلەی کورددا لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە بۆ کۆکردنەوەی پارەوپولێکی زۆرو زەبەند لە جیهاندا بەناوی ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجەو گەرمیانەوە بۆ پڕترکردنی بانکەکانیان، بەباشی ئەو ڕاستیە ئاشکرائەکەن کە ئەم حیزبانە بەهیچ جۆرێک نایانەوێو تەنانەت هەتا بۆشیان بکرێت هەوڵەدەن دۆزی هەڵەبجە پشتگوێ بخرێ یان هیچ نەبێ عونسورو دۆکومێنتە گرنگەکانی لەناو بچێت. ئەم هەوڵو مامەڵەیە لەگەڵ ئەم دۆسێیەدا جگەلەوەی کە ترسێک بەیان ئەکات لەلایەن ئەم حیزبانەوە، ترس لە ئاشکرابوونی شەریکبونیان لە ڕوودانی ئەم کارەساتە گەورەیەدا بەسەر خەڵکی شاری هەڵەبجەو دەوروبەریدا. کاتێک لە جەنگی عێراق-ئێراندا ئەمان کەوتبوونە بەرەی ئێرانەوەو هاوکاری تەواوی سوپای پاسدارانی جمهوری کۆنەپەرستی ئێرانیان کردبوو بۆ داگیرکردنی هەڵەبجە کە ئەو کارەساتە ئینسانیەی لێکەوتەوە!

کەتمانی حەقیقەتی هۆلۆکۆستی هەڵەبجە نابڕێتەوەو دۆزەکەش ناکەوێت بەلاداو ویژدانی مرۆڤایەتی ئاسوودە نابێت هەتا ئینسافو عەدالەتی واقعی لەلایەن بەرەی ئازادیخوازی بەپشتیوانی جیهانی شارستانی بەرپانەکرێت و ئیرادەی ڕاستەوخۆی جەماوەری وە نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستان ئیدارەی ووڵات نەگرنە دەست. لە سەدامو خومەینیەوە هەتا بوشو بلێرو ئۆباما، لە بەرزانیو تاڵەبانیەوە هەتا مالکیو حەکیمو سەدرو هاوشێوەکانیان ئەندازیاری گەورەی بەرپاکردنی جەنگەکان و ئوستادی لێهاتووی کەتمانکردنی حەقیقەتەکانن، وە مامۆستای فریودانی جەماوەرو بەڕێخستنی هەڵاواردنو ناعەدالەتین. چەرخی سوڕانی جیهانی ئەمڕۆ لەدەستی ئەم کەسایەتیانەدایە بۆیە شاڵاوەکانی شەپۆلی دەریای درۆو ڕیاییو نیفاقو دووڕوویی بۆ سەر کۆمەڵگاو مرۆڤایەتی لە برەودایە. کاتێک ئەم جیهانە گەڕایەوە بۆ دەستی خاوەنانی ئەسڵی خۆی، ئەوسا هەتاوی حەقیقەت تیشکی زێڕینی خۆی پەخش ئەکاتەوەو ئاژین ئەبێتە ناو کوچەو کۆڵانەکانی ژیانو شادیو ئارامی دەڕژێنێتە ناو ملیۆنان چاوی چەقیو لە چاوەڕوانی ئازادی و عەدالەتو ئینسافدا.

25/دیسەمبەر2008

**یەکێتیو پارتی وەکو چۆن (نزار خەزرەجیو وفیق سامرائیو سوڵتان هاشم)و دەیان تاوانباری تری بەشداربووی کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفالیان بەبێتاوان لەقەڵەمداو داڵدەیان دان یان هاوکاریان کردن بۆ چوونەدەرەوەی ووڵات. هەرواش (تاریق محمد ڕەمەزان)یان ئازادکردووە لەپێناوی داپۆشینی ڕاستی داستانی هۆلۆکۆستی شاری هەڵەبجەدا!!**

# کاروباری ڕێکخراوەیی ولایەنەکانی هەڵسوڕانی حزب

## تێبینیەك بۆ خۆێنەران

**بەمەبەستی هوشیارکردنەوەی هەرچی زۆرتری ئەندامان وهاوریانی حزب لەئەرکە ریکخراوەییەکان وگۆشکردنیان بەسوونەتی پیشکەوتی خەباتکارانەو لاەینەکانی هەلسورانی کۆمۆنیستی چ لە دەروونی ریکخراوەکانی حزبدا وچ لەپەیوەند بە کۆمەلگاوە، ئیمە بەپیویستمان زانی لەمەبەدواوە گۆشەیەکی تایبەت لەبلاوکراوەی ئۆکتۆبەردا بکەینەوە و ناوبەناو یەکیك لەلایەنەکانی هەلسورانی ریکخراوەیی وحزبی بخەینە بەرباسەوە. ئومیدەوارین هاوریان بۆ کاری رۆژانەیان ئەم گۆشەیە بخویننەوە و بەووردی سەرنجی بۆبدەن کەڕاستەوخۆ لەلایەن هەیئەی تەنفیزی حزبەوە سەرپەرشتی و چاودێری ئەکرێت. هاوکات داوامان لەهەموو ئەندامان وهاوریانی حزبی ئەوەیە کەبەناردنی نامەو سەرنجەکانیان هاوکاری ئەم گۆشەیەبن.**

## گرنگی دانانی میزی کتێب لەنیوەندی شارەکان

دانانی میزی کتیب لەشارەکانی کوردستان لەلایەن کۆمیتە حزبیەکانەوە، لایەن وهەنگاویکی تازیە وتائیستا هیچ حزبیکێتر دەستی بۆئەم رەوشتە لەکاری سیاسی نەبردووە. ئەمە جۆرە چالاکیە جگەلەوی سونەتیکی مۆدیرن وشارستانیە کەلەلایەن حزبی ئیمەوە داهینراوە، گرنگیەکی سیاسی تایبەتی هەیە. هەربۆیە گۆشەیەکی بنەرەتی لەکارو هەلسوورانی رۆژانەی کۆمۆنیستی کۆمیتەو ریکخستنە حزبیەکانمان داگیردەکات. بەلام ئەو گرنگیە سیاسییەی دانانی میزی کتیب چییە؟ چۆن بتوانین میزی کتیبەکانمان سازبدەین و پیداویستییەکانی چین؟ لیرەدا هەولدەدەین لەپەیوەند بەنمونەیەکی سەرکەوتووانەی دانانی میزی کتیبەوە چەند رینمایی و سەرنج بخەینەروو. بەوهیوایەی هاوریانیکێتر لەبارەیەوە بنوسن و بەئەزمونەکانیان ئەم مەسەلەیە دولەمەندتر بکەن.

### دانانی میزی کتیب، هەنگاویك بۆ توندکردنەوەی پەیوەندی حزب بەخەلك وکۆمەلگاوە:

دانانی میزی کتیب لەناوەندی شاردا، هەر ئەو گرنگیە سیاسییەی نییە کەدەمانەویت لەم ریگایەوە بیروباوەرو بۆچوونەکانی خۆمان لەنیو کۆمەلگادا بلاوبکەینەوە و ئەدەبیاتەکانی حزب بخەینە بەردەم خەلك، بەلکو دانانی میزی کتاب ریگایەکە بۆ دامەزراندنی پەیوەندی حزب بەخەلکەوە. هەر حزبیکی سیاسی بۆ ئەوەی هیزی خەلك بگری دەبی بەسادەیی پەیوەندی خۆی بە کۆمەلگاوە توند کاتەوە و لەهەموو ریگاکانی خەباتی رۆژانەیەوە کۆمەلگا بخاتە ژیر کاریگەری خۆیەوە. بەم جۆرە باسی میز کتیب، بەر لەهەر شتیك باسی حزب وکۆمەلگا دنیتە ئاراوە، یانی ئەوەی کە حزب لەم ریگایەوە پەیوەندیەکی سیاسی و بەردەوام و هوشیاردرانە لەگەل کۆمەلگاو خەلك دادەمەزرینی و وەك دیاردەیەکی واقعی و زیندوو دەیخاتەبەردەم خەلك. بەتایبەتی بۆ حزبی ئیمە کەلە ئیستادا خاوەنی بارەگاو دەزگای راگەیاندنی گەورەی وەك تەلەفزیۆن و رۆژنامەی پرتیراژی رۆژانە نییە و پیویستی بەوەش هەیە کەسیاسەتەکانی خۆی بەخەلك بگەیەنیت، لەحالەتیکی ئاوادا دانانی میزی کتاب لەنیوەندی شاردا ریگایەکە کەحزووری حزب لەنیو کۆمەلگاو خەلکدا بەئاستیك تەمین دەکات وبەقەد ئەوەی میزیکی رازاوە و بەردەوام و ریکخراوە بەقەد ئەوەش ئەتوانی پەیوەندیکی زیندوو هوشیاردرانەی حزب بەخەلکەوە دامەزرینی. بەتایبەتی لەحالەتی وەك حزبی ئیمەدا میزی کتیب بەهەلبژاردنی شوینی بەردەوام لەنیوەندی شاردا وەك بنکەیەکی کۆمۆنیستی ئەتوانی جیگای ناسراو بەخەلکی بناسینی و وەك شوینیك بۆ گەرانەوەی خەلك وهەوالپرسینیان لەحزب دەرکەویت. لەلایەکیترشەوە دانانی میزی کتیب لەپرۆسەی بەردەوامی و وپەرەسەندنی خۆیدا ئەوتوانی پەیوەندیکی رووبەروو لەگەل ئەوکەسانە دامەزرینی کەسەردانی میزەکەدەکەن و بەم جۆرەش حزب وەك موخاتیب و موبەلیغ بۆ باسەکانی خۆی سەرنجی کەسانیك راکیشیت ولەمریگایەشەوە داوای پشتیوانی وکەمەلکی مالی و تەنانەت زەمینەکانی راکیشانی ئەندامان لەنیوەیاندا سازبدات. بەلام چون ئەم کارەبکەین؟ یانی چۆن بتوانین میزی کتیبیکی نمونەیی و جیگەی دلخواز دابمەزرینین؟ لەمبارەوە پیداویستیەکانمان چین؟

### قسەیەك لەبارەی شیوازی دانانی میزی کتیبەوە.

سەرەتا دەبی شوینی میزی کتیبەکانمان جیگایەکی بەرچاو و ریرەوی ژمارەیەکی زۆر لەخەلکبیت. دیاری کردنی شوین لەم کارەدا فاکتۆریکی یەکجار کاریگەرە بۆ سەرکەوتووبوونی کارەکەمان. دیارە شوینی لاچەپەك و کەنار خۆی لەخۆیدا نیشانەی ترس و بیبایەخ سەریرکردنی حزب وبچوك نیشاندانی خودی کارەکەیە. بۆیەدەبیت لەدانانی میزی کتیبەکانماندا سەرنجمان بچیتەسەر نیوەندی شارەکان و ئەو پانتایانەی کە بۆخەلك ناسراوەو شوینی هاتوچوی زۆرترین خەلکە. هاوکاتی ئەم خالە دانانی میزکتیبەکان بەشیوەیەکی مونەزەم و بەردەوام فاکتۆری کات و رۆژی دیاری کراو دەخوازیت. بەتایبەتی بۆ ئەوی پەیوەندی حزب بەخەلکەوە حالەتیکی ریکخراوی هەبیت دەبی میزکتابەکان کاتی دانانیان ورۆژەکانی لەهەفتەدا جیگیر بیت. بۆئەوەی خەلکی عادەت بگرن بۆ سەردانی میزکتیبەکان. ناوبەناوکردن لەکاتی دانانی میزکتیبەکاندا و ئالوگۆر پیکردنی کاتەکانی بەکردەوە خەلکی توشی بیئومیدی وسەرەگیژە دەکات بۆیە دەبیت تابۆمانبکریت دووپات کردنەوەی میزکتابەکانمان لەهەمان رۆژانی هەفتەو هەمان کاتژمیری رۆژدا بریتە پیشەوە. بۆنمونە هەموو رۆژانی هەینی کاتژمیر □ بۆ □ی ئیوارە لەهەمان جیگای دیاریکراودا.

خالیکیتر هەلواسینی لافیەتەیەك لەپشت سەری میزەکەوە وەیا بەدەوری میزەکەدا کەبەرۆشنی ناوی حزب و لانی کەم ژمارە تەلەفۆنیك کەپەیوەندی گرتنی خەلك بەحزبەوە ئاسان بکاتەوە، گرنگی بۆپەیدادەبیت بەتایبەتی کەلەم ریگایەوە دەمانەویت هەویتیکی سیاسی و حزبی ناسراو بەکارەکەمان بدەین و ئاشکراشە هەرکاریکی بیهەویەت ناتوانی جیگای خۆی لەزەین وهۆشی خەلکدا رابگری.. لەکەنار ئەم خالانەدا رازاوەبوونی میزی کتاب بەنوسراو و بەیاننامەو بلاوکراوەی حزبی و ئەدەبیاتەکان پێویستییەکی سەرەکی رەونەقدارکردنی میزکتابەکانمانە و بەم هۆیەشەوە راکیشانی سەرنجی خەلك بۆلای حزب دابین دەبیت.

خالکیتر گرنگی دانانی سندوقی کۆمەکی مالیە. حەتمەن ئەوکەسانەی سەردانی میزی کتابی حزب دەکەن خۆبەخۆ سۆزیکیان بۆلای کارەکەمان لا دروست دەبیت و بەم حالەشەوە ئەو فرسەتە دەداتە دەستمان کەلەدوای چەند رستە بیروراگۆرینەوە داوایان لیبکەین کۆمەك بەحزب بکەن، وەیا سەرنجیان بۆ لای سندوقی کۆمەکی مالی رابکیشین.

بەلام ئەوەی کە زۆرتر سەرنجی خەلك بۆ لای میزی کتیبەکانمان راکیشی، جۆلانەوە و هەلسووکەوتی هاوریانی ئامادەبووی نیو کارەکەیە، هاوریانیك کە توانای سەرنج راکیشانی خەلکیان هەیە و بەدوور لەشەرم وشکۆ و دلەراوکی ئەتوانن بەقسەو حەرەکاتیان ئیبتکاراتی داهینەرانە بنوینن و توانای جەزبی کەسان بۆلای میزی کتیبەکانمان بەخەرج بدەن، رۆلی کاریگەر لەسەرکەوتنی کارەکەدا دەگیرن. بۆیە دەبی لەمیز کتیبەکاندا حزووری هاوریانیك دابین بکری کەزمانی تەبلیغاتی و جورئەتی پەیوەند گرتنیان بەخەلکەوە ببیت و هەستیارانە بۆجەزبی خەلك وراکیشانیان بۆبەردەم میزکتیابەکان ئیبتکارات بنوینن. بەبی ئەم کەسانەو کارەکتەریان هیچ میزکتابیك لەئامانجەکانی خۆیدا سەرکەوتونابیت و بەخیرایی نەخۆشی لاکەوتەیی و بیئیعتباری دەیگریتەوە. لیرەدا رینمایی ئیمە بۆ کۆمیتە حزبیەکان ئەوەیە کەهەرگیز بۆکاری میز کتیبەکان، هاوریانیك کە سەلیقەو ئامادەیی ئەم کاریان نییە، وەیا هەست بەشەرم و کەم جورئەتی دەکەن، وەیاخود زمانی تەبلیغاتیان سەرکەوتووانە نییە، دیاری

**دەبێت لەدانانی مێزی کتێبو بلاوکراوەکانماندا سەرنجمان بچێتە سەر نیوەندی شارەکان و ئەو پانتایانەی کە بۆخەڵك ناسراوەو شوێنی هاتوچۆی زۆرترین خەڵکە!!**

نەکەن و ناچاریان نەکەن بەوەی لەمیزکتیبەکاندا ئامادەبن. چونکە بریاریکی لەم جۆرە بەزیان دەگەرێتەوە.

**بژی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان**

دوا لاپەڕە
ژمارە(19). 28/12/2008

# October

سەرنوسەر: زمناکۆ عزیز

دەستەی نوسەران: ئاسۆ کەمال، بەشدار علی، موزەفەر عەبدوڵا، حەمەغفور، نوری بەشیر، سامان کریم، سەعید ئەحمەد، عامر سابیر، عەبدوڵا مەحمود، محسن کەریم، خەسرەو سایە، شکاك عبدالستار

بۆ پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە سەرنوسەرەوە
07701521852 یان 07501521852 یان 3128931

بۆناردنی بابەت و پەیوەندی:
Www.hkkurdistan.org
Email: zmnaco@yahoo.co.uk
october_917@yahoo.com

# زانکۆکانی ئێران سەنگەرێکی مەحکەمی ئازادیخوازی و کۆمۆنیزم لەئێراندا

سەعید ئەحمەد

ئەمساڵیش زانکۆکانی ئێران، لە ڕۆژی خوێندکارانی ئێراندا، بوونە شانۆی نارەزایەتی بەهێزو رادیکاڵی خوێندکاران لەدژی حکومەتی کۆنەپەرستو ئیسلامی ئێرانو شانۆی هێزنواندنی بزووتنەوەی ئازادیخوازیو یەکسانیخوازی.

16 ئازەری ساڵی پار (ڕێکەوتی 5/12/2007) لە زانکۆکانی ئێران بەتایبەتیش لە زانکۆکانی تاران، تەورێز، ئەسفەهان، هەمەدان، مازندەران، شیراز، سنەو کرماشانو... تاد بەبۆنەی ڕۆژی خوێندکارانەوە کۆبوونەوەو نارەزایەتی گەورەو شکۆدار بەرپاکراو شیعاری "ئازادی، یەکسانی"، "زانکۆ سەربازگە نییە"، "نا بۆ شەڕ"، "بزووتنەوەی خوێندکاری هاوپەیمانی بزووتنەوەی کرێکاریو بزووتنەوەی ژنان"و تاد بەرزکرایەوە. لەم ڕۆژەدا هەزاران خوێندکار نارەزایەتی خۆیان بە ڕژێمی جمهوری ئیسلامی ئێران دەربڕیو داواو خواستە چەپو رادیکاڵو ئینسانیەکانی خۆیان خستەڕوو.

ئەم جولانەوە ئازادیخوازو چەپە کە لەلایەن ڕێکخراوی "خوێندکارانی ئازادیخوازو یەکسانیخواز"ەوە رابەری دەکرا، حکومەتی ئیسلامیی ئێرانی توشی هیستریا کردو بەهەموو توانایەوە کەوتە سەرکوتکردنی "خوێندکارانی ئازادیخوازو یەکسانیخواز"و لەم نێوەدا زیاتر لە (70) کەس لە رابەرانو هەڵسووراوانی ئەم ڕێکخراوەی دەستگیرو زیندانی کرد. کە دوای نارەزایەتییەکی گەورەو کەم وێنە لەمێژووی ئەم دواییەی ئێراندا، چ لەناوخۆو چ لەدەرەوەی وڵاتو دوای چەند مانگ زیندانیو ئەشکەنجەی درندانەو وەحشیانە، سەرەنجام حکومەتی ئیسلامی ناچار بە ئازادکردنیان بوو.

لەماوەی یەکساڵی رابردوودا حکومەتی ئیسلامی ئێران هەموو ڕێگایەكو هەموو سەرکوتگەرییەکی گرتە بەر بۆ کۆنترۆڵکردنی زانکۆکانو خامۆشکردنەوەی بزووتنەوەی نارەزایەتی خوێندکاران کە بەتایبەتی لە ساڵی پارەوە ڕۆڵی چەپو کۆمۆنیستەکان زۆر بەرجەستە بوو تیایدا.

بەڵام سەرباری ئەم هەموو کردەوانە، سەرباری گرتنو زیندانو ئەشکەنجە، سەرباری دەرکردنو لێپرسینەوە لە خوێندکارانو خێزانەکانیان، سەرباری دانانی ئامێری کۆنترۆڵ لە دەرگاکانی زانکۆکانو ئامادەکردنی سەدان کەس لەهێزە سەرکوتگەرەکانی حکومەت بۆ بەرگرتن بە بەرپاکردنی کۆبوونەوەو نارەزایەتیەکان لەم ڕۆژەدا. 16 ی ئازەری ئەمساڵ نیشانیدا کە ئەم بززوتنەوەیە لەوە دەرچووە کە بەم کردەوانەو سەرکوتو ئستیبداد خامۆش بکرێتەوە.

ئەمساڵیش خوێندکارانی زۆربەی زانکۆکانی ئێران لەوانە، زانکۆی مازندەران، شیراز، ئەسفەهان، تاران، ورمێ، زنجان، هەمەدان، سنەو زۆرێك لە زانکۆکانی تر ئازاو نەترسانە نارەزایەتی خۆیان لەم ڕۆژەدا بەرپاکردو بوونە شانۆی وەستانەوەی دلێرانەی خوێندکاران بەڕووی حکومەتی ئیسلامی ئێراندا.

لەمساڵێشدا خوێندکاران بە بەرزکردنەوەی شیعارەکانی "زانکۆ سەربازگە نییە"، بژی ئازادیو یەکسانی"، "بزووتنەوەی خوێندکارانی هاوپەیمانی بزووتنەوەی کرێکاریو بزووتنەوەی ژنان"، "بژی یەکسانیی ژنو پیاو"، "بمرێ دیکتاتۆر"، وەچەندین شیعاری تری لەدژی حکومەتو ئەحمەدی نەژادی سەرۆکی ئێران، یادی ڕۆژی خوێندکارانیان کردەوە. وە لە چەندین زانکۆ هەڵپژانو ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزە ئەمنیەکانی حکومەتدا ڕوویدا.

16 ی ئازەر لە ئێراندا، ڕۆژی خوێندکارانە. هەموو ساڵێك لە زانکۆکانی ئێران لەدژی سەرکوتو ئیستبداد لە زانکۆو کۆمەڵگادا، کۆبوونەوەو نارەزایەتی فراوان بەرپاکراوە. چەند ساڵێکە کە ئیتر ڕەوتە ئیسلامیو میللیەکان (بەگشتی لەژێر ناوو چەتری "دەفتەری تەحکیمی وەحدەتی ئیسلامی")و پاشایەتی خوازەکان مەیدانداری ئەم خەباتەنینو ئالاکەی بەدەستی ئەوانەوە نییە. خەباتکارانی سۆسیالیستو کۆمۆنیست لە زۆرێك لە زانکۆکانی ئێراندا بە شیعاری ئازادیو یەکسانیو پشتیوانی لە بزووتنەوەی ژنانو بزووتنەوەی کرێکاری ئومێد بە ڕزگارییو خەباتێکی رادیکاڵ لەدژی ڕژێمی ستەمگەرو سەرکوتگەری ئیسلامی وەرێدەخەنو رابەری دەکەن. ئیتر ڕەنگوبۆی نەتەوەییو دینی کەوتۆتەلاوە.

55 ساڵە کە ڕۆژی خوێندکار لە ئێراندا بەرپا دەکرێت. 55 ساڵ پێش ئێستا لە کاتی حکومەتی پاشایەتیدا 3 خوێندکار بەدەستی پیاوانی شا کوژران، لەوکاتەوە زانکۆکان هەمیشەو تەنانەت لە ڕۆژانی زۆر ڕەشی کوشتارو ئیعدام لە ئێراندا کە لەلایەن حکومەتی ئیسلامیەوە وەرێخرا، خامۆش نەبووە.

ڕووداوەکانی ئەم ساڵانەی دوایی ئەوە نیشاندەدەن کە زانکۆکانی ئێران سەنگەرێکی بەهێزو مەحکەمی ئازادیخوازیو یەکسانیخوازیو بزووتنەوەی کرێکاریو بزووتنەوەی ژنانو کۆمۆنیزمە لە ئێراندا.




دیمەنێك لە جولانەوەی 16 ی ئازەری ئەمساڵ لە زانکۆی مازندەران




دیمەنێك لە جولانەوەی 16ی ئازەری ساڵی پار لە زانکۆی تاران

## دواستوون

# موقاتعەکردنی هەڵبژاردنو بەرزکردنەوەی خواستی جیابونەوەی کوردستان لەم ڕۆژەدا، وەلامێکە بە نەتەوە پەرستانی عەرەبو دەسەڵاتدارانی میلیشایی بەغدا !

سامان کەریم
zaryak@yahoo.com

5ساڵ زیاترە ئەم حزبو دەستەو تاقمو میلیشیا قەومیو ئیسلامیانە دەسەلاتی عیراقیان بەدەستە، 5 ساڵی ڕەبەقە خەڵك لەسایەی دەسەلاتی ئیسلامی سیاسی (مەجلیسی ئەعلیو حزبی دەعوەوباڵە جیاوازەکانی) و بزوتنەوەی کوردایەتی ( یەکێتیو پارتی) وا 3 ساڵ زیاترە بزوتنەوەی قەومی عەرەبی لە ڕیگای ( حزبی ئیسلامی عیراقو جەبهەی تەوافقو حواری وەتەنی) دەسەلاتی عیراقو پەرلەمانیان بەدەستە.. بەلام 5 ساڵە جگە لە کردنی فەساد بە یاساو جگە لە بردنی پارەوەنانی خەڵکی عیراقو کەڵەکردنی سەرەوەتو سامانی بەرپرسانی حزبیو حکومی ئەم حزبانە، جگە لە فراوانکردنەوەی شەری تائیفیو کوشتن لەسەر شوناسنامە، جگە لە فراوانکردنەوەو قولکردنەوەی کیبەرکێی قەومی، جگە لە فراوانکردنەوەی شەری تیرۆریستی، جگە لە بڕینی خزمەتگوزاری کارەباو ئاوو سوتەمەنی، جگە لە فراوانکردنەوەی برسیەتی .... ئەم دەسەلاتو حیزبانە چیان بۆ خەڵکی عیراق کردوە؟! خەڵك لەسایەی "پرۆسەی ئازادی" ئەمەریکاو ئەم جەنابانەدا چییان دەستکەوتوە؟! خەڵك لە پەنجەمۆرکردنو بەشداری کردنی چەندجارەیان بۆ هەڵبژاردنی ئەم جەردەو قاتلانە چی دەست کەوتوە؟!، ئەوەی کەدەستی کەوتوە خەڵك خۆیان زۆر باش دەزانن کە جگەلە نەگبەتیو مالویرانی و برسیتیو بێ مافی چی دیکە نەبوە. بەلام لەوەش واوەتر خەڵك تەنانەت چرو چاوی ئەندام پەرلەمانو ئەندامانی مەجلیسی شارەوانیەکان نابین! نازانن کێنو بۆچی دەبێت ئەمانە بینە ئەندامی مەجلیسی پارێزگا؟! زۆربەی زۆری خەلك کە بەناچاری ناچارن دەنگ بدەن لەترسی دەرکردنیان لەسەرکار یان موچە برینیان یان هەرەشەی فیزیکی لییان، ئەم جەنابانە ناناسن.. بەلام ئەم جەنابانەش عەقلیان پیدەشکێتو باسی نوینەرایەتی خەلکی شار ناکەن بەلکو باسی سەرەکی ئەوان پڕکردنی گیرفانە بەریگای جۆراوجۆر.. زۆربەی زۆری ئەم جەنابانە لەماوەی 4 سالی رابوردودا هیچ کەس نەیبینیون!.... هیچ یەك لەمانە فزەی لێوە نەهاتوە لە بەرانبەر نەبونی کارەباو سوتەمەنیو وئاودا... هیچ یەك لەم ئەندامی مەجلیسانە فزەی لێنەهاتوە لەبەرانبەر زیندانیکردنی بەکۆمەڵ و کوشتن لەسەر شوناسنامە لە بەغداو شارەکانی تری عێراقدا... لەکوردستانیش بەهەمان شیوە... خەلك چەند سالە بیکارەباو ئاوە، بی سوتەمەنییە، لە خۆپیشاندانەکاندا دەکوژرین یان زیندانی دەکری، بەلام جەنابانی ئەندامانی پارێزگان نەك فزەیان لێنەهاتوە بەلکو نوینەری دەسەلات بون دژ بەخەلك....

پاش ئەم تەجروبە تالە بەجیا لەوەی خەلك دەنگیان پێنادات ئەگەر بیتو لە پرۆسەیەکی ئازاد دا ئەم هەلبژاردنە بکریت، بەلام جگە لەوە چ شەهامەتێکە کە ئەم حزبانە جورئەتی ئەوە دەکەن کە دیسانەوە گالتە بە شعورو هەستی خەلك بکەن لە ژیر ناوی هەڵبژاردندا، ئەمە هەلبژاردن نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی فۆرمالییەی بەناوی هەلبژاردنەوە.. جێگای خۆیەتی خەلکی عێراق وە کوردستان ئەم ڕۆژە بکەنە ڕۆژی نارەزایەتی گشتی دژی ئەم حزبانەو دەسەلاتو میلیشاکانیان، بیکەنە ڕۆژی دژی داگیرکاریو ڕۆژی بەرزکردنەوەی خواستەکانیان لە دابینکردنی کارەباو ئاوو سوتەمەنیو ئازادییە سیاسیەکان ڕۆژی ریسواکردنی ئەم حزبانە.. ئەگەر واقعەن پێویستە لەم ڕۆژەدا خەڵك خۆی نیشان بدات، ئەوە شوێنەکەی چون بۆ ناوەندەکانی دەنگدان نییە، بەلکو سەرشەقام و کۆلانەکانە، خۆپیشاندان ۆنارەزایەتییە دژ بە فەسادی ئەم هیزانە دژ بە فەرهودکردنی پارەی خەلك، دژ بە سەرکوتیان، دژ بە وجودیان....

بەلام لەکوردستان هێشتا مەسەلەی سەرەکی ماوە، هێشتا کێشەی چارەنوسسازیخەڵکی کوردستان ماوە. مەجلیسی پارێزگاکانو بەشداریکردنی خەڵك تیایدا لەهەمانکاتدا مانایەکی دیکەی هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە خەڵك ناڕاستەوخۆ نیشانی دەدات کە رازییە بە فیدرالیەتە پوچەکەی کە ئیستا هەیەو کەس دانی پیدا نانێت جگە لە بازرانیو تالەبانی نەبێت. پێویستە خەڵکی کوردستان هوشیار بن و ڕیگا نەدەن ئەم فێلەیان لێبکرێت. بۆیە موقاتەعەکردنی ئەم هەڵبژاردنانەو بەرزکردنەوەی دروشمی جیابونەوەی کوردستانو پیکهێنانی دەوڵەتێکی نا قەومیو سکولار وەلامێکی پڕاو پڕە بە دەسەلاتی میلیشایی بەغداو گشت نەتەوەپەرستانی عەرەبو دەسەلاتی کوردیش..

## نامەی پشتیوانی بۆ نوێنەرانی پەنابەرانی نێردراوە بۆکوردستان..

**بەڕێز دەشتی جەمال سکرتێری فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی**
**بەڕێزان نوێنەرانی پەنابەرانی دیپۆرتکراوە بۆ کوردستان..**

لەڕێگای ئەم نامەیەوە پشتیوانی خۆمان لەکۆمەلەی ئەو داخوازیانە و خەباتێك کەئێوە بۆبەدەستهێنانی دەستانداوەتی دەردەبرین وبەتەواوی تواناوە پشتیوانی لێدەکەین. ئێمە پێمان وایە داخوازییەك کەئێوە بۆ دووبارە سازدانەوەی ژیان و دەرچوون لە نارەحەتیو سەختیەك کەبەدوای دیپۆرتبوونەوەتان تێیکەوتوون، داخوازیەکی بەرهەقە و ئەرکی دەسەلاتدارانە کە دەستبەجێ بەپیریەوەبیێتو بۆتان جێبەجێ بکەن. تەنانەت ئەوەی کەئیوە داوای دەکەن کەمترین وبچوکترین خواستێکە کەهەر هاولاتیەکی کوردستان دەبی لێی بەهەرمەندبێت.

لە ئێستادا کە بەشێکی زۆر لەو پەنابەرانە بە زۆرە ملێ گەرێنراونەتەوە بۆ کوردستان، وە لە وەزعیەتو ژیانایکی نا ئاساییو سەرگەردانیدان، پێوستە حکومەتی کوردستان بەرپرسیارانە بە تەنگ ئایندەو گوزەرانیانەوە بن، پێداویستەیکانی ژیانیان بۆ دابین بکەن، وەلام بە داخوازیەکانیان بدەنەوە. ئیمە پێمان وایە خواستەکانی ئێوە بەشێکە لەخواستی رەوای خەلکی کوردستان کەرۆژانە رووبەرووی دەسەلاتدارانی کوردستان دەبێتەوە. هەربۆیە ئێمە لەحزبی کۆمۆنستی کریکاری کوردستانەوە جارێکی تر پشتیوانی خۆمان بۆ تەواوی داخوازیەکانتان دەردەبرین و لەکەنار هەولو تیکۆشانی ئێوە و فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی رادەوەستین.

بەئومێدی بەدەستهێنانی خواستەکانتان..

**عوسمانی حاجی مارف سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان**




## درێژەی ......

# چاوپێکەوتن لەگەڵ خەسرەو سایە

خۆیەتی و نەك هەر پەیوەندی بەبەرژەوەندی خەلکی کوردستانەوە نییە بگرە بەتەواوی پیچەوانەیە پێی. بەواتایەکیتر ئەمریکا بۆ پشتیوانی کردن لەخواستەکانی خەلکی کوردستان دەزگای زەبەلاحای جەنگی خۆی نەهیناوەتە ناوچەکەوە و بریاریش نییە لەژێر سایەیدا خەلکی کوردستان لەئایندەیەکی ئینسانی بەرهەمەندبکات. لایەنیکی تری ریکەوتن نامەکە کەعیراقە، ئەویش کەئاراستەیەکی ناسیونالیستی و ئیسلامی هەیە دیسانەوە نوینەری بەرژەوەندییەکی پیچەوانەی لەگەل ئاوات وئارەزووەکانی خەلکی کوردستاندا، بۆیە ئیمە ئەم رییکەوتننامەیە بە ریکەوتننامەیەکی ئیمپریالیستی و دژی خەلکی لیك دەدەینەوە و پیمان وایە ژیانی ئیستاو داهاتووی خەلکی کوردستان و ناوچەکە دەباتە نیو وەزعیەتیکی میلیتاریستی و جەنگاوییەوە. وەك پرەنسیپیکی ئینسانیش ئیمە بەتەواوی توانامانەوە دژایەتی هەر ریکەوتن وسیاسەتیك دەکەین کە شەروکوشتارو مالویرانی بەسەر خەلکدا دادەسەپینی. ئەم ریکەوتننامەیەی نیوان عیراق و ئەمریکاش کە ئەم ماهیەتەی هەیە بەپیویست هەلویستی دژایەتی بەحزبی ئیمە دەبەخشی و حزبی ئیمە بەتەواوی توانایەوە تیدەکۆشی بۆریسواکردن و هەلوەشانەوەی. لەم پەیوەندەشدا، ئیمە تیدەکۆشین بۆ هینانەمەیدانی خەلکی کوردستان تا خۆاستی جیابوونەوەی کوردستان وپیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆ بەکردەوە دەربیت، چونکە ئەمە تەنها وەلامە بۆ ریکەوتننامەیەکی لەمجۆرە. بەتایبەتی کەجیابوونەوە و پیکیهنانی دەولەتیکی سەربەخۆ کوردستان لەبازنەی جەنگ و سیاسەتەکانی ئەمریکا دەردەکیشی و ئیرادەی سەربەخۆ وئازادانە دەداتە دەست خەلکەکەی کە چون مامەلە لەگەل رووداو پیشهاتەکانی ناوچەکەدا بکەن ودەستی دەولەتی مەرکەزیش لەبنەوە دەبری گەرییەویت هەولی لەشکرکیشی و پەلامار بۆسەر کوردستان بەری بخات. کەوەیە دەبی خەلکی کوردستان لەکەنارئەم سیاستە و ئەم خواستەی خۆیان راوەستن و لەژیر ئالای حزبی ئیمەو خەباتەکەی بۆبەدیهینانی کوردستانیکی سەربەخۆ وئازاد وخۆشگوزەرندا کۆببنەوە.